# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی حەوتەم

شۆڕشی کۆمەلایەتی و کۆمۆنیزم ...کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی...ل6



سالّی شەشەم ژمارە (134) بەرواری 1-12-2022 | بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

# ڕاپەرینی ئێران و کاریگەری لەسەر عێراق و کوردستان...

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

خرۆشان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران، بەردەوامە. ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم ڕاپەرینەو بوونی بە شۆرشێکی کۆمەلایەتی، یەکێک لە ئەگەرەکانی ناو چەند ئەگەری ترە. ناوەرۆکی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێستای کوردستان و سەراسەری ئێران، چەپییە... خواستەکانی رادیکال و ئینسانین، بەشداربووانی سەرەکی



جەماوەری بێبەشی ژیر باری قورسایی دەسەلاتی ٤٣ ساڵەی، نەنگینی ئیسلامیی سەرمایەیە. ژنان و لاوان دوانە هێزە بەرینی ئاسۆ لێکهەڵپیکراون، کە بەکردەوە بەو راستییە گەیشتوون، کە لە ژیر سایەی دەسەلاتی ئیسلامی سەرمایەدا، باسی دەستراگەیشن بە مافە فەردی و مەدەنیەکانی و ئازادییەکان، وەهمە. هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی پێشرەو و ئینسانی ناتوانێت لە ژێر سایەی ئەم دەسەلات و سیستەمە سیاسییە ئیسلامییە کۆنەپەرستەدا، خواستەکانی بەدی بهێنێت...

ناکۆکی بنەرەتی و چارهەڵنەگر، لە نێوان ئازادی و مافە فەردی و مەدەنی و ئینسانی و جیهانداگرەکان و سروشتیەکان، لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی سەرمایە لە ئیراندا، لەپاڵ گرانی و برسێتی و بیکاری و نەبوونی سەرکوتی هەمەلایەندا، پایەی سەرەکی خرۆشان و راپەرینی ئێستاو شۆرشی داهاتووە. کە روخاندنی رژێم بە لەڕیگای ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییەوە، دەسپێکی شۆرش و چوونی کۆمەڵگەی ئیرانە بۆ ناو ململانێیەکی فراوانتر لەسەر ئایندەی ئەم شۆرشە و ئەڵتەرناتیفەکان. روخاندنی جمهوری ئیسلامی بەڵگە نەویستە، بەلام سەرکەوتنی شۆرش حەتمی نییە و تەنها ئەگەریکە، شۆرش و ململانێی واقعی و جەنگی چینایەتی لە ئاستە هەر بالاکەی خۆیدا بەدوای روخاندنی ئەم ڕژێمەدا دەست پێدەکات. لە پرۆسیسی روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، بەشی زۆری حزبە سیاسیەکان و هەرەزۆری جەماوەر و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی وەکو ژنان و لاوان و خوێندکاران و مامۆستاو خانەنشینان و کرێکاران، بەشداری دەکەن، بەلام لە

بۆ لاپەڕە 2

## ریشەی هێرش بۆسەر چۆمان هەردییەکان لە چییدایە؟



وا جارێکی چۆمان هەردی کەوتەوە بەردەم شالاو و چەندین درۆ و تۆمەت و سوکایەتی ئاراستەکراو، دیارە ئەوە یەکەمین جار نییەو دواجاریش نابێت. چۆمان هەردییەکانی کوردستان، دیمەنە هەرە جوانەکانی کۆمەڵگەن، ئەو دەنگە رەسایانەن هەدا نادەن، ئەو رەخنەگرانەن سازش لە باوەڕو بۆچوونەکانیان ناکەن، ناترسێنرێن. کارنامەو رۆڵ و نەخشی چۆمان هەردییەکان لە کۆمەڵگەدا، هێندە رۆشنە، ئاماژە بۆ هەر جوانیەکی کۆمەڵگە و هەر سیمایەکی شارستانی و هەر نوێگەرییەک بکرێت، ئەوان لە ریزی پێشەوەن و دیارن... هۆکاری هێرش بۆسەر چۆمان هەردییەکان و هۆنینەوەی درۆ و بوختان و

بۆ لاپەڕە 3

## دزی سەدە، دەسەلاتی دزەکان...

دوای نزیک بە ٢٠ ساڵ دزی ئاشکراو نهێنی، بە یاسایکراو و نایاسایی لە عێراقدا و دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە دزی هەمەچەشنە لە هەرێمدا... دزییەک ناوی نرا دزی سەدە، کە رفاندنی



دوو ملیار و نیو دۆلار بوو لە عێراق لەلایەن چەند دزێکی حیرفەییەوە بەناوی وەهمی چەند کۆمپانیەکی نەبووەوە. دیارە دزینی دوو ملیار و نیو دۆلار، لە ماوەیەکی کەمدا، نەک دزی سەدە، دزییەکە لە هیچ سەدەیەکدا بەم جۆرە رووی نەداوە، بەلام ئەوەی جێگای رامانە... لە ماوەی ٢٠ ساڵی عێراق و ٣٠ ساڵەی هەرێمدا، تەنها ئەو دزییە خرایە ڕوو، لە کاتێکدا عیراق و کوردستان لەدوای دەسەلاتی گۆڕبەگۆڕکراوی بەعسەوە، بۆتە گۆڕەپانی دزییەکی هەمە لایەنە، دزییەک بۆ دۆزینەوەی دزەکان،

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* مانگرتن .... مانگرتن ...مانگرتن.........................................................ل4
* هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ڕژێمی ئێران .......................ل4
* ڕوون میدیا یان ناڕوون...................................................................ل5
* سوتاندنی ژنەکەی کەرکوك ژنكوژییە بەدەستی زۆرینەی .............ل8
* جادەیەك بە کوردستاندا..........................................................ل8
* ڕوخانی فاشیزمی ئێران بەندە بە......................................ل10






## دۆسیەی ژمارە " ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی "

هاوڕێیان خالید ساڵح و مەحمود حەلاق... وەلامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل11-12-13


پرسی ژن ل7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل9

# درێژەی وتەی ژمارە

شۆرشدا بەپلەی یەکەم کرێکارانن کە مۆتۆر و رابەری سەرکەوتنی شۆرشیان لەسەر شانە و ئەوان هێزی هەرە گەورە و یەکلاکەرەوەن.

دیارە روخاندنی جمهوری ئیسلامی، لەهەموو حالەتێکدا، ئالوگۆرێکی گەورەو بنەرەتی لەسەر ئاستی ئیران و ناوچەکەو دنیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئالوگۆرێک کە ناتوانێت کۆمەلگەی ئیران بەرەوە دواوە و جێگای رێگای شۆرش، بەرەوخوار ببات. شانسی هیچ هێزێکی کۆنەپەست و ئیسلام سیاسی لەهیچ ئاستێکدا بۆ جیگرتنەوەی دەسەلاتی دارماوی جمهوری ئیسلامی، نییە. بە پێچەوانەوە هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان و بزوتنەوەکانی هاوشانیان و ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمەکانیان، چ لەناوخۆی ئیران و چ لەناوچەکەو ئاستی دنیادا پاشەکشە پێدەکات و هێز بە بزوتنەوە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان دەبەخشێت، بەتایبەتیش بە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان.

جمهوری ئیسلامی رەمزو سەرچاوەی پێگرتنی دەیان رەوتی هەسار پچڕاو و مایە هێز بەخشین بەدەیان و سەدان هێزی ئیسلامی سیاسی و پالپشتی هەزاران باندی ئینسان کوژی لە گۆشەو کەنارەکانی دنیا کردووە، بۆتە مایەی زالکردنی بەزۆری زوربەی هەرەزۆری نەریت و شێوەکانی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی لەئاستی دنیادا و بەتایبەتیش لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. وە پاشەوپاش گەرانەوەیەکی گەورەی بەسەر کۆمەلگەکانی ئەو ولاتانەدا هێناوە. دەستێوردانەکانی لە زۆرێک لە ولاتانی ناوچەکدا هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ نائارام کردن و زالکردنی کەشی پشێوی و نائەمنی و قولکردنەوەی تەفرەقەی مەزهەبی و تایفی. لەوانەش زیاتر داوای بەش و بەرەسمت ناساندنی رۆلی خۆی لەو ولاتانەدا وەکو واقعیەتیک بەدەستەوە گرتووەو خوازیاری ئەوە بوو دنیا ئەو دەستێوەردان و ملهوریەی بۆ بەفەرمی بناسێت... لەوەها واقعیەتێکدا، روخانی جمهوری ئیسلامی هەموو ئەو رۆلەی وێرانکارییەی ئیران کۆتایی پێدەهێنێت و لەبەین دەبات. دیارە بەو ئەندازەیەش هێزە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان دەرفەتی کار و چالاکیان بۆ دەرەخسێت و کەشی خەبات و تیکۆشانی بۆ زامنتر دەبێت و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی وەکو ژنان و لاوان و مەدی ئازادیخوازی، جێگای نەریت و شێوازە داسەپاوەکانی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی دەگرنەوە.

لەناو ئەو کاریگەریانەدا کە بەروخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ئاستی دنیاو ناوچەکە روودەدات، عێراق و کوردستان، زۆرترین شانس و زۆرترین لێکەوتەی ئیجابی بەردەکەیت. ئەگەر دەستێوردانی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی لە بەشیکی زۆری ولاتانی دنیا و ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەکە لە رێگای ناراستەوخۆ و بەوەکالەت سپیردراوە بە گروپ و رەوتە سیاسیەکانی وابەستە بەخۆی و دروستکراوی خۆی، ئەوا لە عێراق و کوردستاندا، جمهوری ئیسلامی بەجیا لە هێزو گروپەکانی سەربەخۆی، راستەوخۆ بۆتە هیزێکی هەمیشە ئامادەو بەشدار لە دۆخ و پرۆسیسی سیاسیدا. ئێران لایەنی هەرە براوەی جەنگ و ملهوری ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا بووە، بەتایبەتیش لە عێراقدا قەلەمرەوی سیاسی لەژێر هەژموون و بریاری راستەخۆی ئیراندا چووتە پێشەوە. هیچ حکومەت بەبێ رۆلی ئیران و بالادەستی ئەو لە عێراقدا پێک نەهاتووە، هاوکات هیچ میلیشیایەکی سیاسی دەرەوەی حکومەت، بەشێوە ئیسلامیەکەی چ شیعی و چ سونی نییە، ئیران لە پشتیان نەبووبێت و ئیران بەبەردەوامی هاوکاری نەکردبن. بەتایبەتیش ئیسلامی سیاسی شیعی و میلیشیاکانیان. لە کوردستانیشدا بەهەمان شێوە بالادەستی سیاسەت و دەستێورەردان و تەنانەت داسەپاندی هەژموونی بەسەر تەلاری ریکخراوەیی حزبەکاندا، لەکەس شاراوە نییە. جیا لەوانەش لەلایەکەوە بۆ نیشاندانی هەژموونی خۆی لەبەرامبەر رەقیبە ناوچەیەکانی و لەلایەکی تریشەوە بۆ گواستنەوەی ئەزمە ناوخۆییەکانی و گوشار دروسکردنی زیاتر بۆ ملکەچ پێکردنی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، لە لەشکرکێشی، بۆردومانی ناوچە سنوریەکان، تیرۆر و بلاوپیکردنی تۆرە ئینسان کوژەکان و تیرۆری کادر و هەلسوڕوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی درێغی، نەکردووە. ئیسلامی سیاسی شیعی و ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، هەمیشە ئیران لە پشتیان بووەو هێزی پێبەخشیوون، دەسەلاتی سیاسیشی لەسەر ئاستی عیراق و کوردستاندا، بەچەندین رێگاوە وابەستەی سیاسەتەکانی خۆی کردووە. بۆیە بەشێکی هەرە سەرەکی لە نائەمنی، پشێوی، جەنگی ناوخۆ، شەری میلیشیاکان... ئێران لایەنێکی سەرەکی بووە. هەموو ئەمانە بەجیا لەوەی دۆخی سیاسی عێراق و کوردستانی شلۆق، نائارام، ناسەقامگیر... کردووە، هاوکات کەشی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و کەلتوری و فەرهەنگی خەلکی عێراق و کوردستاندا سەپاندووە و دەسەلاتی سیاسی ناچار کردووە هێندەی تر پابەندی نەریت و ریسا ئیسلامیەکان ببن و بەسەر کۆمەلگەدا زالی بکەن و وەکو بڕیار بەسەر کۆمەلگەدا دای بسەپێنن، هیچ گۆشەو لایەنێکی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری، هیچ بوارێک لە ئاستی کۆمەلایەتیدا نەماوەتەوە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکان بە پشتیوانی دەسەلاتی سیاسی دەستێوەردانی تیدا نەکەن و وەزارەتی ئەوقاف، وەکو نوکە رمی ئیسلامیزم، نەکەنە بەلای سەر ژیانی خەلکی مەدەنی کوردستان. لەو نێوەدا ژنان و لاوان و مافە فەردی و مەدەنی و ئازادیەکانیان... قوربانیانی دەستەی یەکەمی ئەم هەژموونی و دەستیوەردانەی ئیرانن بەسەر کۆمەلگەی کوردستاندا.

کۆنەپەرستی ئیسلامی، هێز گەلی ئیسلامی، حجابی ئیسلامی، نەریتی ئیسلامی، زالکردنی نەریتی شێوە ژیانی ئیسلامی بەسەر شێوازی شاری و شارستانی ژیانی خەلکی کوردستاندا، بەجیا لەکۆنەپەرست بوونی دەسەلاتی سیاسی بۆرژوازی کورد، لەبنەرەتدا ئاکامی دەستێوردانی ئیران و هاوکاری دەسەلات و هیزە ئیسلامیەکانی سەربەخۆی بووە.

بەم شێوەیە کاریگەری دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی بەسەر عێراق و کوردستاندا راستەوخۆ و بەشێوەی سیستماتیک چۆتە پێشەوە. بۆیە روخانی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی کۆمەلگەی عێراق و کوردستان دەخاتە بەردەم دەورەیەکی نوێ، کەشێکی نوێ، شیوە ژیانێکی نوێ، دۆخێکی نەک تەواو جیاواز، بەلکو پێچەوانە بە دۆخی پێشوو... خۆ ئەگەر ئەم ڕاپەرینە بگات بەشۆرش و لە سەردەمی شۆرشدا، کۆمۆنیزم و چەپ هیزەکانی بۆرژوای و هێزەکانی دژە شۆرش و نەخشەو پلانەکانیان بخاتە کەنار، و بلۆکی چەپ و کۆمۆنیزم سەرکەوتوبێت، کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر لەوە دەبێت کە تەنها بەروخاندنی جمهوری ئیسلامی پێک دێت. تا ئێستا بەهۆی ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەکە، دروشم و خواستەکانی، هێزەکانی بەشدار لە ڕاپەرین و خەسلەتە چینایەتیەکەی شانسی سەرکەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم، یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکانی دوای روخاندنی دەسەلاتی سەرمایەیە لە ئێراندایە.

لە عێراق و کوردستاندا چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی زۆرترین سود لە روخانی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی دەبینێت، چونکە بەروخانی ئەو رژێمە، کۆسپ گەلێکی زۆر خود بەخود لە ژێر کاریگەری روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، دەکەونە کەنار و لەبەین دەچن. ئەگەر جیایی دین لە دەولەت و یاساو رێساو پەروەردە، یەکسانی ژن و پیاو، مافە فەردی و مەدەنیەکان، پوکانەوە و داکوژانی وەلانانی کەشی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەلگەدا، بەناچار بۆتە بەشیک لە کارنامەو خەباتی کۆمۆنیستەکان و چەپەکان بەوێنەی کۆسپی بەردەم خەباتی چینایەتی و شۆرشی کرێکاریی، ئەوا ئەم کۆسپانە لەبەین دەچن و کەش بۆ خەبات و تیکۆشانی کۆمۆنیستەکان هێزە ئازادیخوازەکان ئاوەلا دەبێت. خەباتی چینایەتی لە دۆخێکی گونجاوتردا دەچێتە پێشەوە و توخمەکانی هەلومەرجی شۆرشگێرانە، زامنتر دەبن. ئەوەی چەپ و کۆمۆنیست و هێزە ئازادیخوازەکان، چەندیین سالیان لە خەبات و قوربانیدان بۆ بۆ پاشەکشەکردن بە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و بۆ زامنبوونی مافە فەردی و مەدەنیەکان و فەرهەم بوونی ئازادییەکان و کەشی سیاسی لەبار پێویستە، ئەوا ئەو ئەرک و تیکۆشان و قوربانیدانە، لە ژێر کاریگەری راپەرینی ئیران و روخانی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامیدا، پێداویستی سەرەکی خۆی لەدەست دەدات و کۆمەلگە بەهەموو لایەنەکانیەوە دەباتە فازێکی ترەوە. و ئەرکی تر لە دۆخێکی لەبارتر و شیاوتردا دەخاتە سەر شانی چەپ و کۆمۆنیستەکان.

هەر ئەو راستیانەشە وای کردووە دنیای ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی، ئوردوی جیهانی ئومێدوار بە ژیانێکی باشتر و ئارام تر و پێشکەوتوتر، بەچاوی ئومێدەوە بڕوانە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەلکی ئیران و پشتیوانی هەمەلایەنەی بکەن.

**کۆتایی نۆفەمبەری ٢٠٢٢**

**لە عێراق و کوردستاندا چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی زۆرترین سود لە روخانی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی دەبینێت، چونکە بەروخانی ئەو رژێمە، کۆسپ گەلێکی زۆر خود بەخود لە ژێر کاریگەری روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، دەکەونە کەنار و لەبەین دەچن...**

# درێژەی...ریشەی هێرش بۆسەر چۆمان هەردییەکان لە چییدایە؟

لێکدانەوەی دڵخوازانە و فریوکارانە بۆ بۆچوون ڕوانینەکانیان و هەڕەشەو چاوسورکردنەوە لێیان... لە بنەرەتدا هۆکارەکەی بێدەنگی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کوردایەتی و دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتییە. کەم ڕۆژ هەیە ئەو خێڵە لە مەلای بەلاشخۆر، کۆلکە نووسەری موچەخۆر و دەربار، هێرش نەکەنە سەرکۆمەڵگەو مافە فەردی و مەدەنییەکان و ئازادییە سەرەتاییەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە. کەم ڕۆژ هەیە ژنان و بەتایبەتی ژنان، لەدەیان مینبەرەوە سوکایەتیان پێ نەکرێت. وە کەم کات هەیە هەڵسوڕاوانی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و سیما ئازادیخواز و بەرابەیخوازەکان، نەکەونە بەر نوکە ڕمی کۆنەپەرستیەکی هەوسار پچراوی دەستەو تاقمە کرێگرتە ئیسلامیەکان و سەلەفی و نووسەر مێشک مەیوەکانیان... کەچی دەسەڵاتی سیاسی و یاساو داواکاری گشتی میشیش میوانیان نییە.

هەر ئەو جەنابە نۆکەر پیشانەی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکان، بۆ بەهرەمەند بوون لە لەوەڕگای دەسەڵات، لەبەرامبەر هەموو ئەو دزی و تاڵانییە ئاشکرایەی حزب و بەرپرسەکانی، حزب و بنەماڵەکان نقەیان لێوە نایەت و لەو دزییە ئاشکرایەی دەسەڵات دەخۆن. ئەمانە کە کۆپی تەواوی داعش و ڕەوتە ئیسلامیە ئینسان کوژەکانی دنیان، ژن بە ناقس عەقڵ و پلە دوو، ئازادی بە بەرەڵایی، ڕەخنە و توێژینەوەی زانستی، بە کوفر و وەستانەوە بەڕووی پیرۆزیەکان لە قەڵەم دەدەن... لە کاتێکدا پیرۆزیەکانی کۆمەڵگە نە مل کەچ کردنە بۆ حوکمی نەگۆر و نە ملدانە بەفتوای مەلا و ئیسلامیەکان و نەدەستگرتنە بە میراتی بەگۆڕسپێردراوی سەردەمی جاهیلیەت و خولەفاکانی ڕاشیدین، بەڵکو پیرۆزیەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بریتیە لە ئازادی و ئازادی فەردی، بریتییە لە ئازادی بیروباوەر و بەیان و چاپەمەنی، بریتییە لە بەهای یەکسان، بۆ ئینسان ژن بێت یان پیاو... بریتیە لە دەرگاکردنەوە بەرووی زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بریتییە لە بەرگری لە منالان، بریتییە لە ئازادی دینداری و بێدینی، بریتییە لە ریزگرتن لە ئینسان و وەستانەوەیە بەرووی نابەرابەری و بێمافی، بەرووی ستەم و جیاکاری و تیکۆشانە بۆ ژیانێکی باشتر بەهەوڵ و خەباتی خودی ئینسان.

بلۆک و فەرهەنگی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە، تەنها کەلتورێکی بەجێماوی ڕابردووە و کەلتور و فەرهەنگی خەڵکی کودستان نییە.. چۆن هێشتا ئەم کەلتورە مۆتەکەی سەر دڵی کۆمەڵگە پێشرەویەکانیەتی، دەسەڵات بە هەموو جۆریک بەرگری لیدەکات و هیزەکانی پشتیان خەڵات دەکات کە ئیسلامی و سەلەفیەکانن، ئاواش فەرهەنگ و کەلتوری باڵای ئینسانی، و ڕیزگرتن لە مافە ئینسان داگرەکانی جیهان و مافەکانی تاک و ئازادییەکان، کەلتور و فەرهەنگی باڵای کۆمەڵگەی کوردستانە. ململانێی نیوان ئەم دوو کەلتورە ڕۆشن و دیارە و میژووی هەیە، هەردوو لاشیان قسەکەر و ڕەمز و میتۆدی خۆیان هەیە... کەلتوری داعشی و ئیسلامی و سەلەفیەکان، خێڵی حەمەیە، سەربڕینی ژنە لەسەر خۆشەویستی، فتوا دانی ئازادیخوازانە، کافراندنی زانست پەروەرانە، بەسوک تەماشاکردنی منالە، دژایەتی کردنی گۆرانی و مۆسیقاو هەڵپەرکێ و سەماو خوێندن و شانۆ و شیعر و ئازادی جل پۆشین و هەموو سیمایەکی سەردەمییە. جەنگە لە دژی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانە... کەلتوری ئازادیخوازی و بەرابەریش، گێرانەوەی بەهایە بۆ ئینسان، بەگرییە لە مافەکانی، بەرگرییە لە بەرابەری و لە نێویاندا یەکسانی بێ ئەم لاو لای ژن و پیاوە...بەرگرییە لە ئازادی، کە دوژمنی سەرسەختی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکانە... چۆمان هەردیەکان لە بەرگری لە ئازادی و لە سەنگەری زۆرکردنی پەراوێزەکانی ئازادییدان، هەر بۆیە دەکەونە بەردەم هەرەشە و درۆ و بوختانی ئیسلامیانەی دژە ئازادی.

ئێستا کە خەریکە دەسەڵاتی ڕۆنراو لەسەر پایەی دین لە ئێران، بەرەو ڕمان دەچێت، مەلاو سەلەفیەکانی ناوچەکەو کوردستانی خستۆتە لەرزە، بۆیە هەوسارپچراو ترن و درۆ و بوختان و هەرەشەکانیان، زیاد دەکەن، دەکرێت ئەم هێرشەی ئێستا بۆ سەر چۆمان هەردی هۆکارێکی ئەوە بێت.

دیارە ئەو بەرگرییەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە چۆمان هەردیان کرد، بەرگرییە لە ئازادی و لە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە، لە بەرامبەر بە ڕەوتێکی کۆنەپەرستی میژوو لیخن و ڕەمزەکانی کوشتاری ئینسانی ئەم سەردەمە.

# درێژەی...دزی سەدە، دەسەڵاتی دزەکان...

نەلێکۆڵینەوەو نەدادگا پێویستە... چونکە لەپایەترین ئاستدا، دزەکان دەسەڵاتن. سەیری ماڵ و موڵکی هەر بەرپرسێکی باڵای حزب و حکومەت و میلیشیا بکەیت لە ئاستی عێراق و کوردستاندا، نموونەی هەرە بەرجەستەی دزی خۆی نمایش دەکات. داگیرکردنی کێڵگە نەوتیەکان، دەستبەسەراگرتنی زەوییە بەها ملیۆنییەکان، بازرگانییەکانی نەوت و جگەرە و دەرمان و گواستنەوە و گەیاندن، مادە کحولیەکان، مادە هۆشبەرەکان، هێنانی سەیارە، هێنانی مودای بیناسازی، قۆرغکردنی بەڵیندەرایەتیەکان... هەموویان لەدەستی حزب و بەرپرسان و کەسوکاریاندان... هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی بەسادەیی دزەکان دەناسێت... کەم بەرپرسی باڵای حزب و بنەماڵە هەیە بایی ملیۆنان و ملیارەها دۆلار تەنها زەوی دەست بەسەرا نەگرتبێت. کەم هاوینەهەوار، ناوچە گەشتیاریی، بەرزایی ناو شارو دەوروبەری شارەکان هەن، حزب و بەرپرسە زیندو تەنانەت مردووەکان داگیریان نەکردبن. هەژاری و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و نەخۆشی و بێخانەو لانەیی بەشێکی هەرە زۆری ریشەی لەو دزییە ئاشکرایەدایە... هاوڵاتیانی ئاسایی لەبەر نەبوونی ئەگەر دەست بۆ مریشکێک، دەبەیەک نەوت، دایبی بۆ منالەکەیان،... ببەن، دەخرێنە کونجی زیندانەوە بە پاساوی دزی و بە بڕیاری دادگا!! کەچی دزانی ئاشکرای ملیۆنی، کە لەو پەڕێ بوون و دەوڵەمەندیدا، ماشینی دزیان بەسەدان شێوە دەگەرێت، وەکو بەڕیوەبەرانی وڵات و میللەت، خۆیان دەناسێنن، کاتیکیش دزێک دەگرن و ئاشکرای دەکەن، مەدالیای ڕووبەڕووبونەوەی دزی و تاڵانی دەدەن لە یەخەی خۆیان، تا دزییە فراوان و هەمیشەیی و بێ کۆتاکەی خۆیان پێ دابپۆشن. دزی سەدە هیچ نییە، جگە لەدزانی دەسەڵات. دزی سەدە چ نین بێجگە لەو ریزە لە بنەماڵەو بەرپرسە حزبی و حکومیەکان، کە سەرمایەکانیان خەیاڵییە، بێ ئەوەی کاروکاسبییەکیان کردبێت، جگە لە پیشەسازی و بازرگانی سیاسی. باسی دەستگیرکردن و ئاشکراکردنی دزەکان و بەرەنگاربوونەوەی تاڵانی و گەندەڵی، تەنها دەتوانێت بە دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی ئەو دزانەی بازرگانی و پیشەسازی سیاسی دەست پێبکات، بە لەدەسەڵات خستن و دادگایی و لێپرسینەوەی یاسایی، لەلایەن دادگای بێلایەنەوە بەشوێنێک دەگات..

دزی سەدە بەتەنها کۆمپانیا وەهمیەکان نین، بەڵکو کۆمپانیا ئاشکراکانن... دزانی ئەسڵی ئەوانەن جگە لە تاڵانی ئاشکرا، دەیانەوێت ئیرادەی ئینسان بدزن، تونایەکانی ئینسان فەرهود بکەن و ئازادی و مافەکانی ئینسان، دادگایی بکەن... ئەو دزانە خاوەنی داهێنانی زۆر تازەن... عادەت پیشەیی بە نیشتمان پەروەری و پێش لەشکری بە بەرگری لە ئاسایشی گشتی و ئازادیخوازن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانیش دەخەنە زیندانەوە بە تۆمەتی پشتیوانی لەدەستی دەرەکی... دەستی دەرەکی ماچ دەکەن و ڕۆڵەکانی خەڵکیش بە پاساوی درۆزنانەی هاوکاریان بێ دادگایی دەخنە کونجی زیندانە جێگا شەرماوەرەکانیان...

دزانی سەدە هیچ نین جگە، لە دزانی دەسەڵات و دەوربەرەکانیان... هەنگاونان بۆ کۆتاییهێنان بە دزانی سەدەو دزانی ڕۆژانە، لە دەسەڵات هێنانەخوارەوەی دزەکانە، کە عێراق و کوردستان تەنها هێندە بۆیان عەزیزە کە بیدۆشن و لێ بدزن. ئەمە ناتوانێت بەردەوام بێت... کۆتایی ئەم دزیە بە ڕاماڵینی دەسەڵات دەست پێدەکات و بە گێرانەوەی بۆ هاوڵاتیان دەچێتە پێش و بە سزادانی دزەکان و دادگایی کردنیان، بە ئاکام دەگات.

**حجابی ئیسلامی کە ئیسلامیەکان ناویان ناوە" باڵاپۆشی" نەک هەڵبژاردنێکی ئازادانەی ژنان نییە، بەڵکو ڕەمزی سەندنەوەی ئازادی لەژن و سمبولی ئیسلامی سیاسی و ڕێگای مل کەچ کردن بە ژنانە. ترساندنی ژنان بە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر حجاب نەپۆشن یانی ڕەتکردنەوەی ئازادی ژنان و ناچارکردنیان لە ڕێگای زۆرەوە...**

# مانگرتن .... مانگرتن ...مانگرتن...

## نووسینی: سالار حەمەسەعید

**کرێکارانی هێڵەکانی شەمەندەفەر:** مانگرتنەکانمان پیشانیداوە که ڕۆڵ ونەخشمان چەند گرنگە له هەڵسووراندنی



Walkout: Postal workers on the picket line at Camden Town delivery office PA

وڵاتدا.

شەپۆلێکی تری بەرفراوانتری مانگرتنەکان بەڕێوەن، ئەمجارە تەنها لەلایەن کرێکارانی یەک بەش ویەک سێکتەری خزمەتگوزاری و پیشەسازیەوە نییە، بەڵکو چەندین بەش لە خزمەتگوزاریە بناغەییەکانی کۆمەڵگە هەڵدەستن بە نمایشی گەورەی مانگرتن لەبەریتانیا. هەروەک دەزانرێ چەندین مانگە کریکارانی هێڵەکانی شەمەندەفەر بێوچان هەڵساون بە سازکردنی مانگرتن بەشێوەیەکی سەراسەری وە داواکانیان خستۆتە بەردەم خاوەن کارەکان وبەڕیوەبەرانی هێڵەکانی شەمەندەفەر. بەلام تائێستا نارەزایەتییەکان بەئاکام نەگەیشتوون. هەرلەبەرئەوە شەپۆلی مانگرتنەکان لەبەریتانیا بەرێوەیە.

**کرێکارانی هێڵەکانی شەمەندەفەر:**

یەکیەتییە کرێکاریەکانی هێڵەکانی شەمەندەفەر (ئاڕ ئێم تی) بڕیارە هەڵسن بە زنجیرەیەک لە مانگرتن لە مانگی دیسەمبەر وجەنیوەری (کانوونی یەکەم و کانوونی دووەمی) داهاتوودا ئەویش ٤ جار هەر جارەی بۆ ماوەی ٤٨ سەعات مانگرتن. لە ١٣ و ١٤ دیسەمبەر هەروەها ١٦ و ١٧ ی دیسەمبەر ئینجا ٣ و ٤ ی مانگی یەکی (واتە جەنیوەری) ساڵی داهاتوو لەگەل ٦ و ٧ ی هەمان مانگ (واتە کانوونی دووەم). ئار ئێم تی سووره لەسەر داوا ڕەواکانی کرێکاران کە بەرزکردنەوەی مووچە وهەقدەستە بەڕێژەی لەسەدا ٧ هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پلانیان لەمەڕ کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکاران واتە دەرکردنیان لەسەر کارەکانیان.

**کرێکارانی پۆست:**

هەر چەند ڕۆژێ لەمەوبەر مانگرتنی دوو ڕۆژەی کرێکارانی پۆست (ڕۆیاڵ مەیل) ی بەریتانیا بەڕێوەچوو، لەم نارەزایەتیە گەورەیەدا نزیکەی ١١٥٠٠٠ لەکرێکارانی " ڕۆیاڵ مەیل" دەستیان لەکارەکانیان کێشایەوە. ئامانج لەم مانگرتنە گەورەیە گەیشتن بە داواکانیان کە بەرزکردنەوەی هەقدەست ومووچە بوو لەگەل باشترکردنی بارورەوشی کارەکانیان. سکرتیری یەکیەتییە کرێکاریەکانی "پەیوەندیەکان/الاتصالات" "کۆمیونیکەیشن" "دەیڤ ۆرد" هێندە نالەبار وەسفدەکات تائەو ڕادەیەی کە بەڕێوبەرانی "ڕۆیاڵ مەیل"بەردەوام هەڕەشە لەکرێکارەکان دەکەن کە ئەگەرلە کارەکانیان لەگەیاندنی پۆست دا دواکەون وە لەکاتی ئاسایی خۆیاندا تەواو نەکەن ئەوا دەکەونە بەر هەڕەشەی دەرکردن. هەروەها یەکیەتییە کرێکاریەکانی "کۆمیونیکەیشن" باس لە ئەگەری نمایشێکی گەورەی دەست لەکارکێشانەوە دەکەن لە ئێوارەی کریسمەس دا کە بە جەنجاڵترین ڕۆژی ساڵ دادەنرێ. کرێکارانی پەیوەندیەکان دەکەونە بەر فشاری زۆرەوە تا کارەکانیان وا تەواوکەن کە ئەوان دەیانەوێ و بۆ ئەم کارەش کە زیاتریان پێدەچێت، بەلام ئەوان واتە بەڕێوەبەران هەقی ئەو چەند سەعات زێدەکارەیان پێنادەن. وە لەکاتی هەرکەم وکوڕی و دواکەوتنێک لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان ئەوا کرێکارەکان ڕووبەڕووی لۆمە و سەرزەنشت دەبنەوە. کرێکاران لەبەر ڕەفتاری نابەجێ و ناڕەوای بەڕێوبەران بێزاردەبن و ناچار دەست لەکارەکانیان هەڵدەگرن و وازدەهێنن.

**مامۆستا و وانەبێژانی زانکۆ وکۆلیژەکان:**

نزیکەی ٧٠ هەزار لە وانەبێژانی زانکۆ و کۆلیژەکان مانیان گرت لەبەرئەوەی بێزاربوون لە هاتنەخوارەوەی بەردەوامی ئاستی هەقدەست وموچەکانیان و بارورەوشی کارکردن وبڕی خانەنیشیان. مامۆستایان داوای بەرزکردنەوەی مووچەکانیان کردوە بەڕێژەی لەسەدا ١٣,٦ کە "کۆمەڵەی خاوەن کارەکان" ئەم ڕێژەیە بە ناواقیعی و نالۆژیکی دەزانن.

مامۆستایانی سکۆتلەنداش بۆ یەکەمین جار لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مانگرتنیان ئەنجامدا و داوای زیادکردنی مووچەکانیان کرد بە ڕێژەی لەسەدا ١٠.

**پەرستاران:**

بۆ یەکەمین جار پەرستاران وەک "ڕۆیال کۆلیژی پەرستاران" باسی لیوەدەکەن لە ١٥ و ٢٠ ی دیسەمبەری ئەمساڵ هەڵدەستن بە مانگرتن پاش ئەوەی بەبن بەست گەیشتن و وەزیری پەیوەندیدار داواکانیانی ڕەتکردەوە. ئەگەرچی مووچەی پەرستاران لە هاوینی ساڵی رابردوودا بە بڕی ١٤٠٠ پاوەند زیادیکردوە، بەلام پەرستاران بەرێژەی لەسەدا ٢٠ باری ژیانیان خراپ بووە و لە ساڵی ٢٠١٠ەوە بەردەوام زیادبوونەکانی مووچە وهەقدەستەکانیان لە ڕێژەی هەلاوسان کەمتر ببوە. پەرستاران دەڵێن کەئێمە لەپێناوی نەخۆشەکاندا هەڵدەستین بە مانگرتن.

# هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ڕژێمی ئێران لە زەبری ڕاپەڕینی جەماوەری ڕزگار ناکات...

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

هەستان و راپەرینی جەماوەری لەسەراسەری ئیراندا ڕوو لە هەڵکشانە. ئامادەیی جەماوەری بۆ بەردەوامی دان بەم ڕاپەرینە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم راپەرینە هەدا نادات و ڕاناوەستێت، تا کۆتایی بە دەسەڵاتی نیزامی سیاسی سەرمایە لە ئێران دەهێنێت... ئەگەر سەرانی رژێم لە ئێران سەرەتا خوێندنەوەیان بۆ خۆپیشاندان نارەزایەتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ئەوە بوو کە ئەویش وەکو هەستانە جەماوەرییەکانی پیشوو، بەخێرایی کۆتایی پێ دێت، یان بەزۆری هێز دەتوانن کۆتایی پێ بهێنن، ئەوا ئێستا بۆیان روون بۆتەوە، کە توخمەکانی راپەرینی ئەمجارە زۆر لەوە زیاترن کە بتوانرێت وەکو جارانی پێشوو، پاشەکشەی پێبکرێت...

جەماوەری راپەڕیوو لە ئێران، مێژووی ٤٣ ساڵ لەخەبات و نەفرەتی هەمەلایەنەی خۆیان لەدەسەڵاتی سیاسی جمهوری ئیسلامی، ئاوێزانی یەکتری یەککردووە، مێژووی سەرکوتگەری و بێمافی و هەڵاواردنی ٤٣ ساڵەی جمهوری ئیسلامیان کردۆتە پاکیجێک، کە پێویستە بۆ هەمیشە بە مۆزەخانەی مێژوو بسپێردرێت.

شەپۆلی نارەزایەتی بەرینتر دەبێتەوە، جمهوری ئیسلامی دەیەوێت بۆ بەرگرتن بەو بەرینبوونەوەیەو لەوەش زیاتر راگرتن و کۆتایی پێهێنانی، رێگای سەرکوت و بردنەسەری توندوتیژی، و ترس و تۆقاندن بەدەستەوە بگرێت... بەڵام لەم هەوڵەشدا ناکامە... ئەوەتا لەگەڵ زۆربوونی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژێمدا، کاردانەوەی جەماوەری گەورەتر دەبێت، تورەیی فراوانتر و ئاستی خۆپیشاندانەکان بەرزتر. هەروەها ترس لە رژێم بەئەندازەیەکی زۆر شکاوەو ئەو کاراییەی پێشووی لەدەستداوە... لە ئێستادا ترسی رژێم هەڵکشاوەو ترسی جەماوەری کەم بۆتەوە.

جمهوری ئیسلامی لەچوارچێوەی دەستبردنی بۆ توندوتیژی زۆرتر و بەدەستەوەگرتنی زۆرترین لە تواناکانی، بەدژی خۆپیشاندانی جەماوەری لەناوخۆی ئیراندا، هاوکات دەیەوێت هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، زۆرتر بکات... ئامانجی جمهوری ئیسلامی لەم هێرشانەیدا، بەجیا لە هەوڵێکی چەواشەکارانە بۆگواستنەوەی سەرنجی دنیا لەناوخۆوە بۆسەر سنورەکان، لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە ڕاپەرین و هەستانی جەماوەری لە ئێران بخاتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆن و لەلایەکی تریشەوە ناکامیەکانی لەسەرکوتی تائێستای خۆپیشاندانی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، بشارێتەوە. زیاتر لەوەش دەیەوێت، ریشە و هۆکاری واقعی هەستان و ڕاپەرینی جەماوەری، کە لە بنەرەتدا نەفرەتە لە دەسەڵات و کارنامەو سەرکوت و بێمافی و هەڵاواردن، خەوشدار بکات و بیبەستێتەوە بەجوڵەو رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سنورەکانی.... وە دەیەوێت مۆرکی ڕاپەرینی سەراسەری لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی خەڵکی ئیراندا دابماڵیت و وەکو بزوتنەوەیەکی محەللی لە کوردستاندا کورتی بکاتەوە، دەیەوێت خەڵکی چ لە کوردستان و سەراسەری ئیراندا رابکێشێتە پای دەستبردن بۆچەک و چەک جێگای مەیدانی خرۆشانی جەماوەری بگرێتەوە. هەروەها دەیەوێت بە دنیا بڵێت کە ئێران هێشتا توانایی نەک لەناوخۆی ئیران، بەڵکو لە دەرەوەی سنورەکانیدا هەیەو هەڵسوڕان و مەیدانی دەخالەتگەریی لە وڵاتانی ناوچەکەدا، وەکو پێشوو درێژە پێدەدات...

جمهوری ئیسلامی بەهەر ئەندازە لەناوخۆی ئێراندا توانای سەرکوتی ناکام دەبێت، بەهەمان ئەندازە هێرشەکانی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی زیاد دەکات. وە هاوکات هەڕەشەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە، لەدەستی دەرەکی!! زۆرتر دەبێت. دیارە هێرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لەدەرەوەی سنورەکانی و لە عیراق و کوردستاندا، تەنها هێرش و ملهوری نواندن بەرامبەر بۆ ئۆپۆزیسۆن نییە، بەڵکو ملهوریەکی ئاشکرایە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا. بەدوور نازانرێت هێزەکانی جمهوری ئیسلامی بەجیا لە بۆمباران و هێرشی درۆنی و ساروخی، هێرشی زەمینی بکاتە سەر هەریمی کوردستان و بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی جێگیر لە هەرێمدا.

تەنانەت جمهوری ئیسلامی ئەگەر بگات بەو باوەرەی کە بە جەنگیکی دەرەکی لەگەڵ یەکێک لە وڵاتەکانی ناوچەکە، دەتوانێت خۆی لە دەست جەماوەری راپەریوی ئیران رزگار بکات، دەست پارێزی ناکات و ئەو رێگایەش دەگرێتە بەر. جمهوری ئیسلامی لە حاڵەتی مان و نەماندایە... ڕاپەرینی خەڵکی ئێران خەریکە بەتەواوەتی ڕێگای گەرانەوەی لێدەگیرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی عیراق، کە زۆرترین سود لە روخاندنی جمهوری ئیسلامی ئێران دەبینن، و تەواوی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئاڵوگۆر پێدەکات، ئەرکیانە لەلایەکەوە بەهەر جۆرێک لەتواناياندایە پشتیوانی لە راپەرینی خەڵکی ئێران بکەن و لەلایەکی تریشەوە ئیدانەی ملهوری و لەشکرکیشی و بۆمبابارانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بکەن.... خەڵکی عیراق و کوردستان و ناوچەکە، هاوچارەنووسی خەڵکی راپەریووی ئێرانن. دەسەڵاتی کۆنەپەرستی سەرمایە لە ئێران چۆن مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی ئیرانە، ئاواش مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی ناوچەکەو بەتایبەتیش عێراق و کوردستانە... خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی تەواوی ناوچەکەو دنیا هەیە...



# ڕوون میدیا یان ناڕوون؟


دلێر محەمەد نوری

گەر تۆ بەکارهێنەری بەردەوامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بیت، گەر تۆ یەکێک بی لە چاودێرانی ئەو تۆڕ و ماڵپەڕە میدیایانەی کە هەواڵ و زانیاری دەگەیێنن و شی دەکەنەوە، گەر تۆ کەسێکی کەمێک شارەزا و کەمێک بە ئەزموون و کەمێکیش خوێنەوار بی، ئەوا بە ئاسانی ئیدیۆلۆژیا و ئامانجی و مەبەستی پشتی هەر یەکێکیان ئەزانیت. هەروەها بە ئاسانیش ڕاست و ڕەوا و ناڕاست و ناڕەوا، لە هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرتەکانیان جیابکەیتەوە. خۆ ئەگەر نووسەر بیت و هەست بە بەرپرسیارێتی بکەیت و بە نیاز بیت وەڵامی هەر درۆ و دەلەسە و زانیاری هەڵە و چەواشەکارییەک بدەیتەوە، ئەوا باشترە پێنووسەکەت بکەی بە دوو لەتەوە و تەرکی نووسین بکەی. چونکە هێندەی چەواشەکار و زانیاری ناڕوون و درۆی شاخدار و زیادەڕۆیی لە ماڵپەڕ و تۆڕە میدیایەکانی باشور هەیە، بەشی هەموو نووسەران و ڕەخنەگرانی دونیا ئەکات تا قسەی لەسەر بکەن.

دەمێکە ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی میدیایەکی بە ئێدیۆلۆژی ئایینی بارگاوی کراو، تەماشا دەکەم، بە ناوی ڕوون میدیاوەیە .(RWN) هەمیشە خۆزگەم بوو، ئەو میدیایە ناوی هەرچییەک ئەبوو تەنها ڕوون نەبووایە. چونکە ڕاستە کاری میدیایی بۆ ئەوەیە کە گۆشە تاریکەکانی هەواڵ و زانیاری ڕووناک بکاتەوە، بەڵام ڕوون میدیا لە زۆرێک لە ڕاپۆرتەکانیدا تەنها کارێک کە کردوویەتی بە ئەرکی خۆی ئەوە بووە کە ڕووناکی لەسەر هەندێ هەواڵ زانیاری بکوژێنێتەوە و زانیارییە ڕاستییەکان بشارێتەوە و زانیاری لە گیرفانی خۆیەوە دەربهێنێ لە جێگەی ڕاستییەکان دایبنێ و بە ڕاستی و بە ناوی ڕوونەوە بینەر و بیستەری پێ چەواشە بکات.

ئەگەرچی ئەوان دەربارەی خۆیان، لە ماڵپەرەکەی خۆیانەوە وەها پێناسەی خۆیان کردووە (ڕوون دامەزراوەیی میدیایی سەربەخۆیە، کاردەکات لەسەر بابەتەکانی هەواڵ و زانیاری، فەرهەنگ و هونەر، پاراستنی خێزان و بنەماکۆمەڵایەتیەکان، وەرزش و تەندروستی...)، بەڵام ئەوان سەربەخۆیی خۆیان تەواو لە دەست داوە، هەر وەکو ڕوونە کە, چونکە تۆ ناکرێت هەوڵ و زانیارییەکان لە ڕوانگەیەکی ئایینی، ئیسلامی، مەزهەبی، ئیخوانی، وەهابییەوە هەڵکێشی و بە پێوەری ئەوان بیپێوی و هەرچی بە دیدی ئەوان نەبینرا ڕەشی بکەیتەوە و ئەنجا بیانخەیتە ڕوو و ناوی سەربەخۆش لە خۆت بنێی. جگە لەمانەش کاتێ تۆ بێی ئەرکی پاراستنی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان بخەیتە ئەستۆی خۆت ئیتر کاری تۆ لە کاری میدیایی سەربەخۆ دەردەچێت و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و ئایینیت دا بەخۆت. من پێم باشە بڵێن ئێمە دامەزراوەیەکی میدیایی ئیسلامین و سەر بە فلان لایەنین و هەوڵ ئەدەین لە ڕوانگە ئەو لایەنەو ئەو فەلسەفەیەی خاوەنەکەمان باوەڕی پێیەتی ڕووداو و زانیاری و هەواڵەکان شی بکەینەوە و بخەینە ڕوو. بەم پێیەش وشەی ڕوونەکە و بانگەشەکانتان یەک ئەگرنەوە. بڵێن ئێمە ڕوون ئیسلامین نەک ڕوون زانیاری. لەو ڕۆژەوەی من تەماشای ڕاپۆرتە ڤیدیۆییەکانیان دەکەم، کە زۆر کات خانمێکی لەچک پۆش لەوەی ژنەکەی ئەردۆگان و کوڕێکی بەسەروسیما ئیسلامی پێشکەشی دەکەن. زۆرێک لە ڕاپۆرتەکانیان تیشک ئەخەنە سەر ڕۆژئاوا و ژیانی ئەورووپا و ڕووداوەکانی ئەورووپا. ئەگەرچی ئەورووپا نە بەهەشتی سەر زەوییە و نە بێ کەم و کورتیشە، بەڵام ناکرێت تۆ بێی باسی ژیانکردن بکەی لە نێو میللەتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپییەکان و نەک لایەنی کەمی ڕاستی نەڵێی بگرە سەرتاپای زانیارییەکانت پێچەوانە و ناڕاست بن. بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکانیان تەرخانە بۆ لێدان لە ئایینەکانی دیکەی وەکو مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی و ...هتد. من تێناگەم بۆ بە تەنها بەوە کۆتایی پێ ناهێنن کە ئایینی خۆتان بە جوانی نیشان بدەن و باس بکەن وەکو هەموو ئایینزاکانی دیکە، چ پێویست ئەکات تۆ هەمیشە بۆ پیشاندان و سەلماندنی ڕاستی و ڕەوانی و پیرۆزی خۆت دەبێ پشت بە نابوتکردن و ناشرین کردن و خراپ نیشاندانی ئایینەکانی دیکە ببەستیت. ئەمە چ فەلسەفەیەکە لە پێناو ڕاگرتنی خۆت بە پێوە، ئەبێ هەمیشە دارێکت پێ بێ لە پێی ئەوانی دیکەی پێ بدەی. ئەرکی ئایینی چۆن ئەبێت وابێت کە تۆ بێیت، بەناشرین کردنی ئەوانی تر، ڕازاوەیی خۆت نیشان بدەی. من بۆ هەر یەک لەو بیروڕایانە و زۆرێکی دیکەش کە لێرە جێگەیان نابێتەوە، لە ڕاپۆرتەکانی ڕوون میدیا زۆر بە ئاسانی دەتوانم دەیان نموونە بهێنمەوە. چونکە نەک بە گشتی بگرە ڕاپۆرتی وایان کردووە کە بەتەنها ڕەخنەی یەکێکیان بکەی پێویستی بە وتارێکی چەند بەشییە. هیوادارم ئەم ڕەخنەیەم لە ڕوون میدیا، ڕێگا ڕاستەکەی بۆ ڕوون کردبنەوە. چونکە ناکرێت بە ڕاپۆرتێکی پڕ کەم و کوڕی و ناڕاستیی، چەواشەی دەیان هەزار بینەری کورد بکەی. مرۆڤ کاتێک کۆمێنتەکانی خوار ئەو ڕاپۆرتانەتان ئەخوێنێتەوە، پەست ئەبێت لە ڕادەی ئەو ڕق و تورەیی و تەشهیر و جنێوانەی بە کەسانێک و میللەتان و وڵاتانێک دەدرێن، لەسەر بنەمای زانیاری ناڕاستی ئێوە، چ هەستێکی ناخۆشت پێ دەبەخشێت کە تۆ لە ناو ڕاستییەوە تەماشا ئەکەی، کە چۆن بە چەواشەکاری، خەڵکانێک بە ڕێگەی تاریکیدا دەبەن و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە ئەو ئێوەن ڕووناکیتان پێیە...

تەنزێك بۆنیشتمانی حوشترو بنێشتی كوردی ...



## بیخوێنەوە پێش بڕیاردان

## "حوشترو بنێشتی کوردی...کامیان!!..

نیشتمانی پێ پەتیەکان وەک کورد یان ئەورووپیەکان وادەڵین یان عەرەبەکان خۆیان دەڵێین. ((وڵاتی سەحرا))




ئەو ڕوداوە سەیرنییە یاخود تازە نییە کاتێ سیاسییەک نابێتە سەرۆک، بەڵکو دەبێتە سەرکردە! بەڵام کام وڵات و کام خەڵک ئەو چانسەی هەیە سەرۆکی نەبێ، بەڵام سەرکردەی هەبێ.

لەم زەمانەی ئێمە وڵاتی قەتەر ئەو وڵاتەیە لە دەشتە لماویەکانەوە کە حوشترەکانی تیا ونن، دەبێتە وڵاتێک بۆ مۆندیال ئەمە هۆکاری سەرکردەی دڵسۆزەو بەدڵسۆزی مێژوو دەخولقێنی، نەک سیاسی! بەهۆی سەرکردە دڵسۆزەکەیەوە ئەوڵاتە بووە یەکێ لەوڵاتە مێژووییەکانی جیهان؟ نەوەکانی تا ئەبەد شانازی بە سەرکردەو وڵاتەکەیان دەکەن. ئەمساڵ لەوڵاتی حوشترەوە بۆ مۆندیال، چۆن بەمە گەیشتن؟؟؟؟ هۆکاری زۆرە، نزیکترن نمونەی بەرچاومان جیاوازی سمت و مەمک و کوڕە مەسول و جیکڵاس و بەژنی درێژو کچە مەسئول نییە، بەڵکوو پێش ئەوان کێیە سەرت دەسوڕمێننێ؟ ...لەبری کچە مۆدێل و کوڕی مەسئول و شازادەو بندیوارو سەر دیوار، قەتەر وێنەیەکی پڕ لەقسەی جیاوازو فەلسەفەی نوێ پیشاندا. ئەویش.. هێنانە پێشەوەی کەم ئەندامی وڵاتەکەیەتی بۆئاستی باڵا. هێنانی ((کەم ئەندامێک)) بەناوی (( غانم رابح)) .... وەک یەکەم هاوڵاتیی و یەکەم کەسی قەتەری بەهاوشانی ئەکتەری بەناوبانگ ((مۆرگان فریدمان)) نەک تەنها نوێنەراتی قەتەر بکات، بەڵکوو نوێنەرایەتی هەموو شارستانی ڕۆژهەڵات بکات و فرێدمانیش نوێنەرایەتی هەموو شارستانیەتی ڕۆژئاوا بکات... بەم شێوە تەواو جیاوازو سەرسوڕهێنەرە.

((پێت وایە حوشترەکەی ئەوانە یان بنێشتی کوردیەکەی ئێمە؟)) کاممان بەرهەمی باشترە ئەوەی ئێمە کچە مۆدێل و کوڕە مەسئول هێڵی لۆڤ، بۆ هێڵی پێشەوە بوو؟

سروش هەڵەبجەیی

هێزی چینی کرێکار لە رێکخراوبوونیدایە...

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری
# شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیزم ...کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی
## بەشی حەوتەم

بە سەرنجدانێکی کورت ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی پێچەوانەیە. پەیوەندی نێوان کاڵاکان دەبێتە بناغەی پەیوەندی نێوان ئینسانەکان. هەوڵ و کۆششی گەورەو گران و هەرڕۆژەی ئەو مرۆڤە بێشومارانەی کە کار دەکەن و جیهان دەخولقێنن، خۆی لە دەسەڵاتی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری سەرمایە بەسەر وجودی ئەواندا دەبینێتەوە. مەبەست لە چالاکی ئابووری بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی ئینسانەکان نییە، بەڵکو قازانج هێنانە بۆ سەرمایە. گەشەی هەموو ڕۆژەی تەکنەلۆژی و مەعریفەی زانستی و هونەریی کە کلیلی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ئینسانە، لەم نیزامەدا دەبێتە مایەی بێکاری و بێبەشیی هەرچی زیاتری سەدان ملیۆن کرێکار. لە جیهانێکدا کە لەسەر شانی هاوکاری و هەوڵی بەکۆمەڵ بیناکراوە، ڕکابەرایەتی حوکم دەکات. ئازادی ئابووری تاکەکانی کۆمەڵ پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ناچاریی هەموو ڕۆژەی ئەوان بۆ ئامادەبوون لەبازاڕی کاردا. ئازادی سیاسی تاک لە ڕاستیدا بێمافی و بێکاریگەری سیاسی ئەو دەشارێتەوە و مەشروعییەت بە دەوڵەت و حوکمڕانیی سیاسی چینی سەرمایەدار دەدات. یاسا، ئیرادە و بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدارە کە بە شێوەی ڕێوشوێنێک بۆ هەمووان داڕێژراوە. لە عەشق و ئینسانییەتەوە بیگرە تا ماف و دادوەری، لە هونەر و ئەفراندنەوە بیگرە تا زانست و حەقیقەت، مەقولەیەک لە جیهانی سەرمایەداریدا پەیدا ناکرێت کە مۆری ئەم لنگەوقوچیەی پێوە نەبێت.

ئەم دنیا لنگەوقوچە دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە. ئەمە ئەرکی کۆمۆنیزمی کرێکاریە. ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە.

تەوەرەی سەرەکی شۆڕشی کۆمۆنیستی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتیە بەسەر هۆیەکانی کار و بەرهەمهێناندا و کردنێتی بە موڵکی گشتیی هەموو کۆمەڵگە. شۆڕشی کۆمۆنیستی کۆتایی بە دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگە دەهێنێ و نیزامی کاری بەکرێ لەناودەبات. بازاڕ و ئاڵوگۆڕی کاڵایی و پارە لەناودەچن. بەرهەمهێنان لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی هەموو جەماوەر و بۆ خۆشگوزەرانی هەرچی زیاتری هەموو ئینسانەکان جێگای بەرهەمهێنان لەپێناو قازانجدا دەگرێتەوە. کار، کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بۆ زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر تەقەلایەکی ناچاریی و کوێرانە و تاقەتپڕوکێنە لەپێناوی بەڕێوەچوونی گوزەراندا، جێگای خۆی دەدات بە چالاکی خولقێنەرانەو ئارەزوومەندانە و ئاگاهانەی جەماوەر بۆ هەرچی دەوڵەمەندترکردنی ژیانی ئینسانی. هەر کەسێک بەوپێیەی کە ئینسانە و چاوی بە کۆمەڵگەی ئینسانی هەڵهێناوە بە یەکسانی لە هەموو نیعمەتەکانی ژیان و بەروبومی کاری هاوبەشی ئینسانەکان بەهرەمەند دەبێت. لە هەر کەسێک بەپێی توانای و بۆ هەرکەسێک بەپێی پێویستیەکانی، ئەمە بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیە.

نە تەنها دابەشبوونی چینایەتی بەڵکو دابەشبوونی پیشەیی ئینسانەکانیش لەناودەچێت. هەموو مەیدانەکانی چالاکی خولقێنەرانە بەڕووی هەمووواندا دەکرێتەوە. گەشە و هەڵدانی هەر تاکێک دەبێتە مەرجی گەشە و هەڵدانی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەیەکی جیهانیە. سنوورە میللی و نیشتمانیەکان دەسڕێنەوە و ناسنامەی جیهانداگری ئینسانی جێگای دەگرێتەوە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەیەکە بێ دین، بێ خورافە، بێ ئایدۆلۆژیا و دوور لە کۆت و زنجیری نەریت و ئەخلاقییاتە کۆنەکان بەدەستوپێی ئەندێشەی ئازادی ئینسانەکانەوە.

لەناوچوونی چینەکان و ململانێی چینایەتی، دەوڵەت دەکاتە دیاردەیەکی زیادە. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا دەوڵەت دەپوکێتەوە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەیەکە بێ دەوڵەت. کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەرەوەز و هاوبیری و پەیوەندیگرتن و بڕیاردانی هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

بەم جۆرە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بۆ یەکەمین جار ئامانجی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بەمانای واقعی وشەکە وەدیدێنێت. ئازادی، نە تەنها لە ستەم و سەرکوتی سیاسی، بەڵکو لە ناچاریی و یەخسیربوونی ئابوری و ئەسارەتی فیکریی. ئازادی لە مومارەسەکردنی لایەنە جیاجیاکانی ژیان و لە گەشە و هەڵدانی توانای خولقێنەرانە و سۆزە پیرۆزە ئینسانیەکاندا. یەکسانی، نە تەنها لەبەرامبەر یاسادا، بەڵکو لە بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتە ماددی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگە. یەکسانی پلە و بەهای هەمووان لە بەرامبەر کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی شاری خۆشبەختی و ئاواتێکی خەیاڵیی نییە. هەموو مەرجەکانی پێکهاتنی نیزامێکی بەم جۆرە، لەهەناوی هەرئەم جیهانە بەردەستەی سەرمایەداریدا هەرئێستا فەراهەم کراون. توانای زانستیی، تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی ئینسانی ئەمڕۆ هێندە ئەبعادێکی مەزنی پەیداکردووە کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستیەکان و دابینکردنی ئاسایشی هەمووواندا بەتەواوی لەتوانادایە. شۆڕشە ئەلکترۆنیک و ئینفۆرماتیکەکانی دەیەکانی ئەم دواییە و گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەر لە هۆیەکان و شێوازەکانی پەیوەندیگرتن و




گەیاندنی بیستراو و بینراوی زانیاریدا، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی جیهانی و بەشداریی هەمووانی لە داڕشتن و بەرنامەڕێژی و ڕاپەڕاندنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە زیاتر لە هەمیشە مەیسەر کردووە. بەشێکی زەبەلاح لەم توانای بەرهەمهێنانە هەرئێستا یان بەشێوەی جۆراوجۆر بەفیڕۆ دەدرێت وەیان بەئەنقەست دەخرێتە خزمەت بەرگرتن بە خستنەگەڕی ئەم ئیمکاناتە لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ئینساندا. بەڵام سەرباری هەموو گەورەیی سەروەت و سامانی ماددی کۆمەڵگە، کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی هێزی خولقێنەر و زیندووی ئەو ملیارەها ئینسانەیە کە لە یەخسیربوونی چینایەتی، لە کۆیلایەتی بەکرێ، لە یەخسیربوونی مەعنەوی و لە خۆبێگانەبوون و لەو سووکایەتیە ڕزگار دەبن کە ئەم نیزامەی ئێستا دەیسەپێنێ بەسەریاندا. ئینسانی ئازاد، زامنی وەدیهاتنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیە.

سەرمایەداری خۆی ئەو هێزە مەزنە کۆمەڵایەتیەی خولقاندووە کە دەتوانێ ئەم ئاسۆ ڕزگاریبەخشە بەکردەوە وەدیبێنێ. توانای سەرسوڕهینەرانەی سەرمایە کە بە پانتایی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ڕەنگدانەوەی توانای چینێکی کرێکاری جیهانیە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بەرەنجامی شۆڕشی کریکاریە بۆ کۆتایی هێنان بە نیزامی کۆیلایەتی بەکرێ. بەم پێیە شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە کە بە ناچاری هەموو بنج و بنەوانی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەتەکێنێ. چینی کرێکار، بەپێچەوانەی هەموو چینە ژێردەستەکانی مێژووی ڕابردووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە، ناتوانێ ئازاد ببێت بەبێ ئەوەی کە هەموو مرۆڤایەتی ئازاد بکات. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی یۆتۆپیا نییە، بەڵکو بەرەنجام و ئامانجی خەباتی چینێکی مەزنی کۆمەڵایەتیە لە دژی سەرمایەداری. خەباتێکی زیندو و واقعی و ڕۆژانە، کە تەمەنی بەئەندازەی تەمەنی خودی کۆمەڵگەی بۆرژواییە.

هاوبەتی

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# چۆن دوانەی ژن و توندوتیژی لەیەکتر دابڕێنین"

نووسینی/ نەجیبە قەرەداغی

بەشی دووەم و کۆتایی



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



پرۆسەی "خودتوانەوە" یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە ڕێی ژنەوە کاریگەریەکی گەورەی هەیە و تەنانەت پەرپوەتەوە بۆ دروستبوونی کەلتورێکی زاڵ و بەکاریگەر. بەهۆی کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ناوەند، دەزگا و دامەزراوەی نامۆ بە کەلتوری کۆمەڵگە لە ژێر ناوی پێشکەوتن و پەروەردە، ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگای "خێرخوازی" بە بێ ئەوەی پێویستیەکانی بە وردی هەڵسەنگێنرێت کە وەلامدەرەوەی چ پێویستییەکی کۆمەڵگەیە، بەبێ بوونی لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و کاریگەریەکانی لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵگە، کارەساتی گەورەی لە ڕووی لێترازانی کۆمەڵایەتی، دروستبوونی چینی نوێ و گروپی نوێی کۆمەڵگە و بە زۆریش کاریگەری لەسەر ژنان کردووە و بە دەستی ژنانیش هەموو ئەو دیاردانە ڕەوایی پێدەرێت و ڕاگەیاندنیش بۆتە مەیدانێکی کراوەی ڕەوایی پێدان بەکەلتورە نامۆیانە.

بەشێکی زۆری میدیا و ڕاگەیاندنە بیستراو، بینراو و نوسراوەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵیان پەردەپۆشکردنی ئەو دیاردانەیە کە دەرئەنجامەکانی بە توندوتیژی سەر ژن تەواو دەبێت، نەک کار لە سەر بڵاوکردنەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و چەمکی یەکسانی و ئازادی و ڕۆحی تێکۆشان و بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری و گەندەڵی کۆمەلایەتی ناکەن، بەڵکو بە بەرنامەی سەرگەرمکردن و بەکارهێنانی ژن لەو بەرنامانە، ڕکلام، کلیپ و درامای دۆبلاژکراوی تورکی، کۆری و هندی جۆرێک لە سایکۆلۆژی تێکشکاو و بەخۆنەباوەڕی ژن بڵاو دەکەنەوە، ئەو پرۆفایلەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا زەق دەکرێتەوە، ژنێکی بێچارە، ملکەچ، بێدەنگ، ڕازی بە کۆیلایەتی، فێڵباز و درۆزن و ژنێک کە هەمیشە ڕۆڵی پێکدادان لەنێو پیاوەکاندا دەبینێت و دەیانخاتە دۆخی پێشبڕکێیەوە بۆ ژن، ژنێک کە خیانەت لە هاوسەرەکەی دەکات، ئەو پرۆفایلەی بۆ پیاویش دەیخەنەڕوو؛ پیاوێکی میهرەبان، فریادڕەس، بەهێز، پاسەوانی ناموسی ژن و هتد□.

قوڵترین شەڕی سایکۆلۆژی لەسەر ژن بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە درکی ئەو شەڕەدا نییە، ئەم دۆخە وەک هانا ئارێنت دەڵێ؛ "ئاساییبوونی خراپیی" واتە دۆخێکی خراپ هەیە، بەڵام هێندە ئاسایی کراوە کە هەستی مرۆڤەکان و رایەڵەیان لەگەڵ ئەو واقیعەی هەیە پچڕاوە. پێناسەیەکی چەوت بۆ ئازادی هەیە. ئازادی ئەگەر لە سادەترین پێناسەی کە ع. ئۆجالان دەڵێ؛ "ئازادی هێزی خۆبونیادنانی کۆمەڵگەیە" لە ڕاستیدا بە پێناسەی چەوتی ئازادی و ممارەسەکردنی ئەو پێناسە چەوتە وەرچەرخێنراوە بۆ لێکترازانی کۆمەڵگە بە لاساییکردنەوەی کەلتوری ڕۆژئاوایی و قەتیسبوون لەنێوان دوو کەلتوردا کەلتورێک کە بەرێی میدیا، میوزیک، فیلم، دراما، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە ڕۆژئاواییەکانەوە لەسەر ناوی خزمەتگوزاری و هاوکاری هێنراون و کەلتورێکی موحافەزەکاری دۆگماتیکی ئایینی کە لە بۆشاییەکی مەعنەوی، ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی دا کۆمەڵگە بۆ ڕەحمەتی ڕەوتی ئیسلامی دەسەڵاتخواز بەجێهێڵراوە و زیاتریش ژن کاریگەرن بەم دوو کەلتورەی کە دوو ڕووی دراوێکن. لە هەردوو مۆدێلەکەی دا ژن کەرەستەی بەکارهێنانە لەژێر ناو ئازادی بیروڕا و ئازادی پۆشین، ئازادی جوڵانەوە بەڵام ئەو پێناسانەی ئازادی چ پەیوەندی بەو بەرپرسیارێتیانەوە نییە کە دەبێ لە ئاست کۆمەڵگە و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیزەکردنی سیاسەت دابنرێت. تەنانەت ئازادی لە نەشتەگەری جەستە، بەکارهێنانی چەندین مادده و کەرەستەی کیمیاوی بۆ دەستکاریکردنی جەستە و ڕوو، بڵاوبونەوەی کەلتوری بەرخۆری کە کلتور و زهنیەتی سیستەمی سەرمایەداری و بە ئاگاییەوە لە لایەن بازرگانانی چاوچنۆک و تەنانەت کۆمپانیا نێونەتەوەییەکانەوە بۆ چەواشەکردنی واتای ڕاستەقینەوەی ئازادی و فەتحکردنی ئەخلاق، زهن و ویژدانی کۆمەڵگە و دوورخستنەوەی لە ڕۆژەڤی سەرەکی و پێویستی سەرەکی کۆمەڵگە پەرەدانە بە خۆرێکخستنکردن و بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتیدا.

کێشەیەکی گەورەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگە وێرای ناڕەزایی و بێزاریشی، بەشێکی هێشتاش لە دۆخی چاوەڕوانی فریادڕەسێکدایە کە گۆڕانکاری تەنیا لەڕێی پارتە سیاسیەکانەوە بکرێ و پارتە سیاسیەکانیش لە ڕێی هەڵبژاردنێکی کلاسیک و بەناردنی نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان گۆڕانکاری بکەن، ئەو ڕێبازەش نەک تەنیا بەشی گۆرانکاری ناکات بەڵکو کێشەی کۆمەڵگەی قوڵترکردۆتەوە و مەودای نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەی زیاتر کردووە. بەشێکی تریشی هەمیشە لە دۆخی چاوەڕوانی هێزی دەرەکیدایە.

بەهۆی بۆردمانی ئایدۆلۆژی لیبرالیزم بەڕێی دەزگا و دامەزراوە ئاماژەپێکراوەکان و بوونی زۆرێک لە میدیاکان بە سەکۆی کەلتوری نامۆ لە کۆمەڵگە، ژنان ئاشنا نییە بەو تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کە ژن خۆی بکاتە کردەیەکی چالاک بۆ گۆڕانکاری دا. ئەمەش نایەتە واتای ئەوەی کە لیگەڕینی کۆمەڵگە نییە بە تایبەتی پەرۆشێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی تیۆری و هزری ئەلتەرناتیڤ لەبرەودایە و هەنگاو بەرەو قۆناغی وشیارییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەنێت، بەڵام لە ڕووبەرێکی پەراوێزدایە و پێویستی بە هەنگاوی بەکاریگەرتر هەیە.

کرۆکی پرس و قەیرانەکان داگیرکاییە، تەنیا داگیرکاریەکی ڕۆژانەیی نییە کە لەسەر خاک و سامانەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی لەڕۆژی ئەمرۆدا، بەڵکو بەوەشەوە داگیرکارییەکە هەزاران ساڵە تەمەنێتی، داگیرکارییەکە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی بە دامەزراوەبوو، سەرەتا پێویستمان بەوەیە کە لەو داگیرکارییە تێبگەین دەبێ هەم لە ڕەهەندە مێژووییە کەڵەکەبووەکەی تێبگەین و هەم لە ڕەهەندە ڕۆژانەییەکەی. ڕۆڵی پارتی سیاسی و بزوتنەوە زۆر گرنگە نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە پارتەکان دوورن لە خۆنوێکردنەوە بە تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی چارەسەرئامێز. ئەو تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان کاری لەسەر دەکەن بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان هەڵگری ناوەرۆک، پلان و پرۆگرام، کردار و تێکۆشانێک نییە کە پرسی ئازادی ڕەگەزی بخاتە چەقی پرسە سەرەکیەکانەوە کە کرۆکی هەموو کێشە کەڵەکەبووەکانە، تا ئێستا نەک تەنیا چارەسەرئامێز نییە بۆ پرسەکانی هەبوون، ئازادی و گۆانکاری لە بونیادی زهنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریدا، بەڵکو کێشەکانی قوڵتر کردۆتەوە، پارچەبوونی لە نێو کۆمەڵگەدا زیاترکردووە، لەبەرئەوەی پشت بە زهنیەتی دەسەڵاتداریتی و دەوڵەتگەرێتی و پیاوسالاری دەبەستێت کە ڕێبازی مامەڵەکردنی هێزی هەژمونگەرایی نێونەتەوەیی و ناوچەکە بووە لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و باشوریش لاساییکەرەوەی هەمان مۆدێلە. لەلایەکی تر ئەو مۆدێلەی بەشێوەیەکی ڕووکەشیش لاسایی دەکەنەوە مۆدێلەکانی پارتی سیاسی ڕۆژئاواییە کە نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەلامدەرەوە نییە، بەڵکو بۆ خودی ئەوروپا و دونیای ڕۆژئاواش هەمان شێوەیە. گەلی کورد وگەلانی هەرێمە ناچار نین ئەزمونێک تاقی بکەنەوە کە لە جێی دیکە ناتوانێ قەیرانە قوڵەکانی سیستەم چارەسەر بکات نەخاسمە ڕەهەند مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمەکەمان پێویستی بە مۆدێلێکە لەسەر بنەمای پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتی کە خۆی لە دیموکراسیەک لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەخۆی کۆمەڵگە، ئەکۆلۆژییەک کە هاوسەنگی ڕەگەزی، مرۆڤ و ژینگە و هەروەها مرۆڤ-مرۆڤ و ئازادی ژن بە بنەما بگرێت.

قەیرانی چەند ساڵی دوایی ئاشکرای کردووە کە ژنان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ژنانی نیو حزبەکانیش باوەڕیان بەوە نییە بەو ڕێبازەی تا ئێستا تاقیکراوەتەوە بتوانێ ببێتە بەشێکی کارا لە گۆڕانکاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەرێمەکەدا، بۆ ئەوەش متمانەی بەوە نییە کە ئەو کەشە گونجاوە بۆ بەشداری سیاسی. کەمێکیش بێ ژن لە درکی ئەوەدایە کە پرسەکەی تەنیا پرسێکی ڕەگەزی نییە، بەڵکو پرسێکی بونیادییە، بونیادی زهنیەتی ئایدۆلۆژی پیاوسالاری لە هەموو دامودەزگاکانی تەنیوە و تا دوایین خانەی کۆمەڵگە ڕۆچووە و پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەییە.

ژن لە درکی ئەوەشدایە کە بوونی چەند ژنێک لە وەزارەت، پۆستی باڵا، بەڕێوەبەرایەتی دا بەس نییە بۆ گۆڕانکاری و دروستکردنی متمانە لە لای ژن و کۆمەڵگە بەگشتی. ئەمە واتای ئەوە نییە کاری خراپیان کردووە، بەڵام نیازییان هەرچییەک بێت بە کارانەی کردوویان ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنکەوتۆتەوە لانی کەم دووانەی توندوتیژی و ژن لە یەک دابڕێنێ و هەمیشە ژن وەک قوربانیەوە نەیەتەوە ڕۆژەڤ، خۆشیان لە درکی ئەوەدان ئەو ئەقلیەتە لەسەر بنەمای زهنیەتی پیاوسالارییە ڕۆچۆتە هەموو خانەکانی کۆمەڵگە و تەگەرەیە لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی خێزان، سیاسەت و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن.

لە ناو هەموو پارت،

بۆ لاپەڕە 14

# سوتاندنی ژنەکەی کەرکوک ژنکوژییە بەدەستی زۆرینەی کۆمەڵگە"

نووسینی: ناسك مەحمود

سوتاندنی ئەو ژنەی کەرکوک لە لایەن خەسوەکەیەوە، ژنکوژیی نییە بەدەستی پیاو، بەڵکو ژنکوژییە بەدەستی زۆرینەی کۆمەڵگە!!، ئەم تاوانە بەرهەمی ئەو راگەیاندن و پەیامنێرانەیە کە کەسانی وەک 'باوەلێ' دەهێننە سەر شاشەکان و دەیانەوێت بیکەن بە رێنیشاندەری کۆمەڵگە.

ژێردەستەیی و پڕ چەوساندنەوە بە خاتری کلتور و عەقڵی پوچی کەسە نزیکەکانیان، ئەی ژن گەر بەردەوام بێدەنگ بیت لە ئاست ئەو سوکایەتیانەی کە پێت دەکرێت، ئەوا رۆژێک قیژەی سوتاندنت و هەواڵی کوشتنت یان خۆکوشتنت بە دەنگی بەرز دەگاتە گوێی هەموومان.



راستە کە دەرکەوتنی قسەکەرێکی وەک ئەو ژنە ماوەیەکی زۆر نییە و ژنکوژی مێژویەکی زیاتری هەیە، بەڵام دەستخۆشیکردن لەم عەقڵیەتە کۆنانەی بوک و خەسو، ئەم تاوانە درێژە پێدەدات.

هەموان دژی عەقڵی نوێ و ژیانی نوێن، دژی شێوازی ژیانی ژنی ئێستان، لێگەڕێن مرۆڤ تەنها بۆ خۆی و مناڵ و مێردی خۆی بژی نەک دڵی هەموتان، ئێوە کێن تا ژنی باش و ژنی خراپ هەڵسەنگێنن؟!

هەروەک ئەمە بەرهەمی ئەو پیاوە کۆمێنت نوسانەیە کە دەستخۆشی لە سوکایەتیەکانی کەسانی وەک 'باوەلێ' دەکەن بەرامبەر بوکەکانی و ژنی ئەم کۆمەڵگەیە، بەرهەمی ئەو پەروەردە هەڵەی دایک و باوکە کە دەڵێن ژن بە شەرمەوە جوانە، ئیدی کچێک پەروەردە دەکەن کە شەرم دەکات تەنانەت لەبەردەم خێزانەکەی خۆیدا باسی ئازار و ئەو زوڵمانە بکات کە توشی بوە، ئەم سوتاندنە بەرهەمی ئەو عەقڵیەتەیە کە جیابونەوە بە عەیبە و سوکایەتی دەزانن هەرچەند کچەکەیان لە دۆزەخدا بێت، ئەمان ئەوەیان بۆ گرنگە کە کچەکەیان شوی بۆ بووە و لە ماڵی مێردێکدایە ئیتر بۆیان گرنگ نییە ئەو مێردەی چۆن زوڵمی لێدەکات و چۆن دەیچەوسێنێتەوە.

ئەی پیاوەکانی کۆمەڵگە گەر ئەم سوتاندنانەی کچی خەڵکی رات نەچەڵەکێنێت و بەردەوامبیت لە دەستخۆشیت لە عەقڵە کۆنەکان و سوکایەتی بە هەمو نوێگەرییەکی ژیان بکەیت، ئەوا دڵنیابە رۆژێک قیژەی سوتان یان خۆسوتاندنی کچەکەت دەگاتەوە گوێت، رۆژێک جەستەی ساردوسڕی کچەکەت لە ماڵە خەزورانەوە بەدیاری دەهێننەوە کۆشت.


ئەم ژن کوشتنە تەنها بەرهەمی دەستی پیاوەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی عەقڵیەتی راگەیاندن و خێزان و تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیشە، چونکە ساڵانە دە بۆ بیست ژن زیاتر دەکوژرێت کە دەکاتە دوو ژن لە مانگێکدا، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا پەرلەمانتارێکی بێئاگا دەیوت ناکرێت ژنکوژی بکرێتە هەرا کە لێرە و لەوێ ژنێک دەکوژرێت ئاساییە مەیکەن بە بابەت، ئەو پێیوایە دەبێت هەمو ژنەکان بکوژرێن ئینجا بکرێتە هەرا، لە کوێی دنیا ژنێکی سکپڕ لەسەر پاکنەکردنی ماسی دەکوژرێت؟

هەر بۆیە ئەم تاوانانە بە سپۆنسەری خێزانی پڕ کۆتوبەند و راگەیاندنی بێئاست و کۆمێنت نوسی بێدەربەست و پەرلەمانی بێئاگا لە کۆمەڵگە، بەردەوام دەبێت. ئەوەی کە ژنەکان دەچەوسێنێتەوە، پیاوەکان نین، بەڵکو بیرکردنەوە چەوتەکانن!

سوتاندن و کوشتنی ژنەکان بەرهەمی بێدەنگ بونیایە لە ئاست ژیانێکی


# جادەیەک بە کوردستاندا

## Road Through Kurdistan



لە ئوستراليا لە ڕیکەوتی 10ی نۆڤەمبەری 2009 لە یەکێک لە کتێب فرۆشەکانی شاری سیدنی ئەم کتێبەم بەو ناونیشانەی سەرەوە بەرچاوکەت و سەرنجی ڕاکێشام و کۆپییەکم لێ کڕی. پێشتر ئەوەم ئەزانی کە لەلای ڕەواندوز جادەیەک هەیە کە بەسەرپەرشتی بەریتانییەکان دروستکراوە و ناوی (هامیلتۆن)ە.


نووسەری ئەم کتێبە ناوی (ئارچیبۆڵد هامیلتۆن)ە (1898-1972)، کە ئەندازیارێکی نیوزیلەندی بووە، کە لەگەڵ سوپای بەریتانیادا لە سینگاپور و پاشان دیوانیە لە عێراق و جا بۆ کوردستان کە لە 1928 تا 1932 لە کوردستان بووە، وە لە هەندێ وڵاتی تری ئەو ناوچەیە و لە وڵاتانی ئەفریقاشدا ئیشی لەگەڵ سوپای بەریتانیادا کردووە و سەرپەرشتی دروستکردنی پرۆژەکانیانی کردووە و نەخشەکێشی ڕێگا و پردە ئاسنیینەکان بووە. جادەی هامیلتۆن کە لە هەولێر و شەقڵاوە و ڕەواندوزەوە تا سەر سنووری کوردستانی ئێران ڕۆیشتووە، بە ناوی ئەم ئەندازیارەوە ناونراوە.



21. Coolies taking their Midday Rest, asleep on the Rock

ئەم کتێبە چاپی یەکەم و دووەمی لە 1937 و 1958 دا لە لایەن نووسەرەوە بڵاوکراوەتەوە. وە چاپی سێهەمی لە 2004 دا لە لایەن (دایڤید ماکداوڵ)وە بڵاوکراوەتەوە بە پێشەکییەکەوە کە بۆی نووسیوە. لە کاتی خۆیدا بەریتانیا ڕەزامەندی شای ئێرانی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی ئەم جادەیە و گوایە مەبەست لێی بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە بووە. وە ئێرانیش ڕەزامەندی داوە کە درێژەی پێبدا و بەشی دیوی خۆی لەم جادەیە تەواو بکات.

دروستکردنی ئەم جادەیە چوارساڵی خایاندووە و بە سەدان و هەزاران کرێکار ئیشی تیادا کردووە. لە سەرەتادا بەنیازبوونە کە هێڵی شەمەندەفەر لە هەولێرەوە تا سنوری ئێران دروستبکەن. پێش ئەوەی هامیلتۆن بێت لە 1927دا دەستیان بە هێڵی شەمەندەفەرەکە کردبوو لە هەولێر تا نزیک شەقڵاوە کاری تیادا کرابوو. پاشان پلانەکەیان گۆڕی و کردیان بە جادە. ساڵی یەکەم واتە لە 1928 ئیشکردن لەم جادەیەدا بە کەرەسەی زۆر سەرەتایی بووە، تا لە 1929دا ئامێری قورسیان بۆ هاتووە. لەسەرەتادا کرێکارانی هیندی و عەرەبیان هێناوە، کە شارەزاتربوونە لە ئیشەکەدا. لەسەرەتادا ئیشیان زۆر کەم دابوو بە کرێکارانی کورد و گووندنشینەکانی ئەو ناوچەیە، گوایە لەبەرئەوەی شارەزا نین و ڕەنگە ئامێرەکان بشکێنن و هەر ئامێرێک ئەگەر شکا ئەوا ئەبێت بیبەنەوە بۆ بەغدا کە بنکەی سەرەکی چاککردنەوەی لێیە. بە زۆری کرێکارانی کورد، سەختترین ئیشەکانیان کردووە، کە بەکارهێنانی تەقەمەنی و تەقاندنەوەی شاخ و بەردەکانی سەر ڕێ بووە. هامیلتۆن باسی هەندێ کرێکار ئەکات کە دەست و چاوی بە هۆی تەقینەوەوە لەدەست داوە، وە باسی ئەوە ئەکات کە خۆی چووە بۆ هەولێر موچەی کرێکارەکانی هێناوە.



22. Trewhella Winch Operators controlling Bridge Erection

بەداخەوە تا ئێستا هیچ مێژوونووسێکی کورد لێکۆڵینەوەی نەکردووە لەسەر وەزعی ئەو کرێکارانەی کە چوار ساڵ لەو پرۆژەیەدا ئیشیان کردووە. کە پرۆژەکە گەورەترینی سەردەمی خۆی بووە لەو ڕۆژگارەدا لە کوردستاندا. مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر نامیلکەیەکی هەیە لەسەر مێژووی چینی کرێکاری کوردستان، بەداخەوە ئەویش لەوێدا باسی ئەم مێژووەی کرێکارانی لە جادەی هامیلتۆن نەکردووە.

ئەم کتێبە چەندین وێنەی ئەو سەردەمەی تیادایە، شاری هەولێر لە ئاسمان و لە زەوێوە کە لەچاو ئێستادا زۆر بچوک دیارە. هامیلتۆن گەرچی ئەندازیار بووە، بەڵام وەک دبلۆماتێکیش هەڵسوڕاوە لە نێو هۆزەکانی ئەو ناوچەیەدا کە ناکۆک بوونە و زۆرجار شەڕ و تەقەیان لە نێواندابووە. هامیلتۆن توانییویەتی کە هەموویان ڕازیبکات بۆ بە سەرئەنجام گەیاندنی پرۆژەکەی.

**عامر سابیر**

**28/11/2022**


گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# گەڕان بەدوای ڕۆحی بزر بوو..

## شرۆڤەی/ جەمال نوری




گەر هەڵوێستە لەسەر ئەم دەقە شیعرەی (کاک سدیق مەحمود مارف) بکەین، هەست دەکەی خاوەن ئەشقێکی جوانی بێ کۆتایە، لەرێگای زمانی شیعری و چنینی وشەوە کاک سدیق دەیەوێ جارێکی تر لەمسی ئەو حاڵەتە ڕۆحی و پاکەی دیووی ناوەوەی خۆی بکات، کەبریتییە لەجێگیربوونی مەئشوقەکەی کەبەردەوام شاعیر لەدەرگای ڕۆحی دەدات و دەیەوێ بچێتە ناو باخچە پڕ لەمیهرەکەی ئەوەوە، تاوەکو پێکەوە بەجووت بەنێو دنیای خەونەکانیدا ڕاگوزەر بێ.

ئەم دەقە ئەفسۆنێکە لە پەیڤ و لە موخاتەبەکردنی خودئاگایی شاعیر لە حاڵەتی "ناخود ئاگاییدا" کە بەهۆی بزربوونی مەئشوقەکەی بەشێوە فسیولۆجیەکەی کاریگەری لەسەر هزرو ئەندێشەی شاعیر بەجێهێشتوە، بەجورێک ئەوەی شاعیر تیایدا خۆش نود دەبێ کە لەناو دنیا و خەیاڵ و فەنتازیای شیعردا ئەتمۆسفێریێکی بۆ دروست کردوە کەبەردەوام هەرکات بیری بکات لەرێگای زمانی شیعرەوە پێی بگاتەوە لەو فەزایەداکە شوێنێکی هەیە لە دنیای شیعردا بۆی بەرجەستە ببێت.

دیالۆگی ئەم شیعرە وەک بنەمای گێرانەوەی مێژووی بوونی ئەشقێک وێنا دەکات، لەسەروەختی بزربوون و لەدەستدانی مەئشوقەکەی، ئاشق هەست بە لەدەستدانی پارچەیەک لەڕۆحی خۆی دەکات، هەست دەکات لەتە سێوەکەی دڵی غاییەو وەکو جاران دڵی باش لێنادات و سوڕی خوێنیش بە ئاسانی وەکو جاران خوێن بەدەمارەکانیا ناهێت و ناچێ و ئۆکسجین ناگەیەنێتە موولوولەی دڵ و هەموو هەستەوەرەکانی، ئەوەی تەنهاو تەنها دەتوانێ ڕۆڵی ئەوەی بۆ بگێڕێ کە ئۆکسجین بگەیەنێتە موولوولە ووردەکانی تەواوی هەستەوەرەکانی جەستەی تەنها زمان و خەیاڵی شیعرە، بۆیە لێرەدا شیعر بۆتە ئەو ئۆکسجینەی کە لەرێگای زمان و خەیاڵی شاعیرەوە دەتوانێ خوێن بگەیەنێتە جەستەو وبەرەوام بێ لەژیان.. واتە تەنها شیعر دەتوانێ جەستەی تەزیووی شاعیر کە بوەتە زوقم لەدوای لەدەستدانی مەئشوقەکەی هەست دەکات خوێن بە دەمارەکانی لەشیدا بەئاسانی نایەت و ناچێت، هەر ئەمەش واله شاعیر دەکات، کە شیعر بکاتە ئامرازێک بۆ پێدانی ئەو فەزا ڕۆحیەی کە بەردەوام مەئشوقەکەی تیا ببینێ، بەواتا ئەگەرچی زەمەن نەماوە، بەڵام لە هەستی باڵای شاعیردا، مەکانێک حزوری هەیە لە "نەستی" دا کە لەگەڵ خۆیدا هەرچی ئەلبومی یادەکانی هەیە، وەک شوێن، وەک شەقام، ریسۆرانت، یانەی ڕۆشنبیری و کۆڕو کۆبونەوەو ئاهەنگ و زماوەندو پرسەو خۆشی و تاڵیەکانی ژیان هەیە بەستراوەتەوە بە یادی مەئشوقەکەی کەلەناو نەستی شاعیردا جێگیربووەو بە تەوزیفکردنی لەزمانی شیعردا مەئشوقەکەی دەهێنێتە وە بوون و موخاتەبەی ڕۆحی دەکات.

ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:-

لەو ڕۆژەوە بۆت ئەگەڕێم
لە گشت شوێنێ
لە هەر جێیە کەنارێک لێبخوێنێ
بۆت ئەگەڕێم من بێ پەروا
لە نێو خەیاڵی شیعردا
لەو وەختەوە پرسیار ئەکەم؟
لە ڕێبوارە غەریبەکان
لە باڵندە کۆچەریەکان
لە گولفرۆشەکانی شار
لە گێلاس و لە دارسێوی حەوشەکەمان
لە پۆستەچی و نامەبەری
گشت شارەکان
لە بەهاری لە خۆبایی
لە ئازاری ماڵئاوایی

قسەمە ئەخۆم
بەو گریانەی دڵ جۆشەدا
بەو تەنیاییەی ناخم ئەخوا
بە باران و بە بەفرو با
بۆ سۆراغت ماندوو نابێ
نیگاکانم
بۆ هاتنەوەت ئەبن بەرێ
چاوەکانم

**سدیق مەحمود مارف**




دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند ان کاوان قادر و هیوا ساڵح





# ڕوخانی فاشیزمی ئێران بەندە بە گەشەی هاوخەباتی یەوە...

## عبدالرحمن رسول

هەموو ڕژێمە سەرکوتگەرەکان لەزۆر شێوازو کرداردا هاوشێوەن، بەتایبەت لەکاتی سەرە مەرگیاندا، کە پەنا بۆ هەموو کردەوەیەکی دژە ئینسانی دەبەن. بەمەش پێیان وایە ئەنجامدانی کوشتن و کۆمەڵکوژی و بڵاوکردنەوەی ترس تەمەنی دەسەڵاتیان درێژدەکاتەوە بۆ ماوەیەک، وێڕایی ئەوەی هەموو ڕژێمە فاشیستەکان لەسەرە مەرگیاندا کاری کۆمەڵکوژی و دژەئینسانیان لەدژی خەڵکی کۆمەڵگەکەیان ئەنجامداوە، بەڵام هێزی یەکگرتووانەی تێکۆشانی جەماوەری هەرەس وشکستی بەسوپاو هێزی دەسەڵاتداری فاشیزم هێناوە. کەوایە ئەوەی فاشیزم لێی دەترسێت تەنها خەباتی یەکگرتووانەی جەماوەری خەڵکی ناڕازییە. هەربۆیەش لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتیانەوە هەتا کۆتایی ڕۆژیان دژایەتی ڕێکخراوبوونی جەماوەری ڕێکخراوەکانی بەشەکانی کۆمەڵگە، وەک کرێکاران و مامۆستایان و خوێندکاران و بەشەکانی کۆمەڵگە دەکەن و سەرکوتیان دەکەن. هەموو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و فاشیستەکان یەک جۆرن لەناوەڕۆکیاندا، جیاوازییان نییە لەنێوانی ئێرانی وعێراقی و توکیایی و کوردستانی، لەهەر وڵات وکۆمەڵگە و شارێک هێزی فاشیزم هەبوو ئەو ناوچەیە وێران دەکات و سەرجەم جیاوازییەکان دەخنکێتو لەسێدارە دەدات. جیاوازی فاشیزم و ئازادیخوازی ئەوەیە لەدەسەڵاتی فاشیزمدا لەجۆری دیکتاتۆرێکی ملهوڕانەی سەربازی حوکوم دەکات وجیاوازییەکان لەناودەبات لەژێر بیانوی پێویستی پەرستنی بتەکانی بنەماڵە و بتەکانی سەرۆک، وێنەیەکی سەرۆک بە زۆرەملێ دەکرێتە پیرۆزیی و کڕنۆشی لەبەردەم دەبرێت، سەرۆک و باوک وباپیری سەرۆک و کوڕو نەوەکانی سەرۆک بەزۆرە ملێ دەکرێنە کەڵەگا و میراتگری هەموو کۆمەڵگە و ئەپەرسترێن و کڕنۆشیان لەبەردەم بەزۆر دەبرێت. بەڵام لەژێر دەسەڵاتی ئازادیخوازی دا هیچ کەسێک پیرۆز نییەو هەموو مرۆڤەکان مافی خۆیانە ڕەخنە بگرن و جیاوازیی خۆیان بەیان بکەن بەئاشکرا، لەژێر ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ئازادیخوازییەدا جیاوازییەکان ئاراستە دەکرێن بۆ نوێ بوونەوەی کۆمەڵگە و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر. کەوایە لەهەر شوێن و کۆمەڵگە جیاوازییەکان لەسێدارەدران و خەڵک ترسێندرا لەگوتنی ڕەخنە و نووسینی ڕەخنەکان و بڵاوکردنەوەی جیاوازییەکان، ئەوا ئەو جۆرە دەسەڵاتە فاشیزم کەشە پێدەدات، هەتا بمێنێت کۆمەڵگە زیاتر وێران دەکات و نوێ بوونەوە دەکوژێت. لەئێران بەدرێژایی چەندەها ساڵە ڕژێمێک لەسەر دەسەڵاتە کە نوێ بوونەوە و ئازادیی و جیاوازییەکان دەکوژێت لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتە دژە ئینسانی یەکەیدا. ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەدرێژایی تەمەنی هەموو هەوڵێکی دژە ئینسانی داوە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی جەماوەری بەرەو ڕێکخراوبون ئاراستە نەبێت. هەربۆیە لەئێستا کەدەبینێت هێزی ناڕازی خەڵک بەجۆرێک هەماهەنکارو هاوخەباتکارە لەخیابانەکان لەسەراسەری ئێران و کوردستاندا بۆ هاتنەسەر خیابان وبەرزکردنەوەی دروشمی ئینسانی و دروشمی مەرگ و ڕوخان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمانە سادە و ساکار نییە، بەڵکو لەناخی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە .ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە کە توانیوێتی هێزی ئەژنۆکانی بەرپرسانی ڕژێم بەرەو لەرزین و ترسی ڕوخانیان بەرێت هەرئەمەش وایی کردووە کە هێزەکانی چەکدارییان ڕادەسپێرن بۆ کرانەوەی دەستیان بۆ ئەنجامدانی سەرکوت و کوشتن بە مەرجێک پاشەکشەبکەن بەڕەوتی جەماوەری تێکۆشانە جەماوەرییەکان. ئەگەرچی خۆشیان دەزانن ئەوان ناتوانن هەربەردەوام بن لە سەرکوت و ملهوڕییەکانیان، بەڵام سڵیش ناکەنەوە لەهیج کردەوەیەکی دڕندانەوە و دژە ئینسانی. ئەی چۆن دەتواندرێت ئەم تێکۆشانە جەماوەرییە سەرکەوتووبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنها ئەوەیەکە گەشە بدرێت بە هەنگاوەکانی هاوخەباتی یەکگرتووانەی سەراسەری ئێران و کوردستان. ئەوە ڕاستییەکەیە کە سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە گرەوی یەکگرتووانەو هاوهەنگاوی و هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری جەماوەری تەواوی شارەکانی ئێراندایە. ئەگەر شیکردنەوە بۆ پەرچەکردار و پلانەکانی ڕژێمی سەرکوتگەری فاشیزمی ئیسلامی بکەین، ئەوەمان باشتر بۆدەسەلمێندرێت کە شکستهێنان بەدەسەڵاتی فاشیزم لەئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و سەرکەوتنی بەرەی خەڵکی ئازادیخوازو ناڕازی بەندە بەگەشەدانی یەکگرتووانە و هاوپشتی دڵسۆزانە.

نەخشەڕێگای پەرچەکداری ڕژێمی فاشیزم بەندە بە هەوڵدان بۆلەتکردن و پەرتەوازەکردنی ئەو هێزە گەورەی ناڕازییەی جەماوەری لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەربۆیە زۆر بێ ڕوحمانە لەکوردستان دژایەتی هەر جوڵەو خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەکات و ڕاستەوخۆ خەڵک دەکوژێت. ئامانجی ڕژێم ئەوەیە پەرچە کرداری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەئاراستەی جیاوازی ملبنێ، بۆئەوەی بیانوی سەرکوتی زیاتر بە هێزە ملهوڕەکانی دەسەڵات بدات و بڵێت ئەوا ناڕەزایەتی خەڵکی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان داوایی پارچە پارچەکردنی خاکی ئێران دەکەن، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە سەرکوتیان بکەین. هەربۆیەش لەشکرکێشی ڕژێمی ئیسلامی بە تانک و چەکی نیوە قورس بۆسەر مەهاباد، جوانڕۆ، پیرانشار، بۆکان و کامیاران لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو پاش سوخەنڕانییەکی تووڕەی خامنەیی ڕوویدا کە وتبووی "ئاژاوەی ئەشرار دەبێ کۆبکرێتەوە". هەڵبەت پێش ئەویش وتەبێژی فاشیزمی دەوڵەتی ڕەئیسیی قاتڵ، کوشتار و ڕشتنی خوێنی خەڵکی وەک ئاوی خواردنەوە وەسف کردبوو و وتبووی " ئەگەر خامنەیی ئیجازە بدات گوللەی جەنگی بەکار بێنین، بە تەق و تۆق واتە بە کۆمەڵکوژی. جۆرێک خەڵک دەترسێینن کە نەوێرن لە ماڵ بێنە دەر "هەرچەندە بەرێژیی تەمەنی دەسەڵاتی فاشیزمی مەلاکان بۆیەک ڕۆژیش دەستی هەڵنەگرتووە لەسەرکوت و کوشتن و ئازاردانی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام ئەم جارەیان هەموو هێزیان لەدژی خەڵک بەکاردەهێنن. وەڵامی دروست ئەوەیە هێزی ناڕازی شەقام بەرەو یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی باشتر هەنگاوبنێت، هەتا ڕوخانی بەتەواوی دەسەڵاتی فاشیزم نەوەستێت. گرینگی ئەم ناڕەزایەتی و تێکۆشانەش ئەوەیە کە لەئێستادا بۆتە بزوتنەوەیەکی جەماوەری سەراسەری بۆ ڕەتکردنەوەو لابردنی ئەودەسەڵات و سستەمە دژە ئینسانییە. مێژوویی تێکۆشانی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە کە کاتێک هێزی ناڕەزایەتی بۆ گۆڕانکاری باشتر بووە بزووتنەوەیەکی جەماوەری هیچ هێزێک ناتوانێت بیوەستێنێت. هەر بۆیە زۆر پێویستە هەموو ئەوانەی لایەنگری ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانن دڵسۆزانە لەخەمی گەشەدانو بەرەوپێشبردنی بزوتنەوەی جەماوەری دابێت بەئاراستەی گەشەدانی یەکگرتووانە و هاوخەباتی و هەماهەنکاری سەراسەری خەڵکی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ئەم جۆرە ناڕەزایەتییانە دابەش بکرێت بەسەر جۆری ناوچەگەری و جۆری نەتەوەکان، هەر چەندە بەشێک لەحیزب ورێکخراوە ناسیۆنالیست و نەتەوەپەرستەکان بەردەوام بەو ئاراستەیە کاریان کردووە کە دابەشکاری لە ڕێڕەوی تێکۆشانە جەماوەرییەکاندا بە ئاراستەی نەتەوایەتی و ناوچەگەرێتیدا بکەن، بەڵام خۆشبەختانە سەرجەم هەوڵەکانیان شکستیهێناوەو سەرکەوتوو نەبووە. نەخشە ڕێگای دروست ئەوەیە هێزی ناڕەزایەتییەکان لەسەرجەم شارەکانی ئێران و کوردستان بەهێزکرێت و هەماهەنکاری و هاوکاری لەسەری گەشەی پێبدرێت. کاتێک لەهەموو شارەکان خەڵک بەیەکەوە هاتنە خیابان و دروشمیان بۆ ڕوخانی ئەو فاشیزمە دڕندەیە بەرزکردەوە ئەوکات ڕژێم ناچار دەبێت هێزی سوپاکەی دابەش بکات بەسەر شارەکاندا ناتوانێت خەڵک بەزۆر سەرکوت بکات، بەڵام تەنها ناوچەیەک و چەند شارێک ناڕەزایەتی هەبێت ڕژێم هێزی سەربازی زۆرتر کۆدەکاتەوە زووتر خەڵک سەرکوت دەکات. لەوەش پێویسترو گرینگتر ئەوەیە لەوڵاتانی ناوچەکە خەڵک بۆ پشتیوانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بێنە سەر خیابەکانیان داوای نەمانی ئەو ڕژێمە بکەن. هەموو فشارەکان بەهێزبکرێن بۆسەر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. هەڵەیەکی کوشندەیە کاتێک پشتیوانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دابپۆشرێت بەدروشمە حیزبی و قەومییەکان، چونکە کاریگەری نەرێنی دەبێت کە ڕوحی هەماهەنکاری سەراسەری ئێران و کوردستان دەکوژێت و دابەشی دەکات پێویستە هەموو ئاراستەکان گرینگی بەئاراستەی گەشەدانی بزوتنەوەیی جەماوەری سەراسەری بێت. بەم نەخشەڕێگایە ئیرادەی درێژەدان و بەردەوامیتێکۆشانی یەکگرتووانەی جەماوەری بەزیندوویی دەمێنێتەوە لەهەمانکاتیشدا ئیرادەی دەسەڵاتی فاشیزم تێکدەشکێنێت.

**دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی شەرعیەتی مانەوەی نەماوەو نابێ پەیوەندی وڵاتانی دنیا لەگەڵی بەردەوام بێت و دەبێ سەفارەتخانەکانی لە دنیای دەرەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشتن و سەرکوتی خوێناوی جەماوەری دابخرێن و سەرانیان بەتاوانی سەرکوت و کوشت و کوشتار بدرێنە دادگا...**

# خالید ساڵح: بزووتنەوە سیاسیە بورژوازیەکان نەخوازیاری شۆڕشن و نە دەیانەوێت شۆڕشی جەماوەر سەربکەوێت...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خالید ساڵح هەڵسوڕاوی سیاسی، سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: تایبەتمەندیەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی ئێران کامانەن؟ هۆکاری درێژەکێشانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**خالید ساڵح:** شۆڕشی جەماوەری ڕاپەڕیوەی خەڵکی ئێران لە ناوەڕاستی مانگی نۆوە تا ئێستا هەروا بەردەوامە سەرەڕای سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندن و کوشت و کوشتار و زیندانیکردنی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان لەلایەن دەسەلاتدارانی جمهوری ئیسلامیەوە. هەڵخرێنەری سەرەکی ئەم شۆڕشە ژنانی سەرتاسەری ئێرانن کە بێگومان لەلایەن هەموو توێژەکانی تری کۆمەڵگەوە پشتیوانیان لێکراوە و لەگەڵیاندا بەشدارن. نارەزایەتیەکانی ئەمجارە ئەنجامی نارەزایەتی زیاتر لە چل ساڵی جەماوەرە بەرامبەر بە دەسەڵاتداریەتی رژیمی ئیسلامی و یاسا کۆنەپەرستەکانی. لەڕاستیدا رژیمی ئیسلامی حوکمی ڕووخانی دەمێک ساڵە لەلایەن جەماوەری زەحمەتکێشی ئێرانەوە دراوە و چەندین ساڵە دەبینین کە نارەزایەتی بەرینی خەلکی لە سەرتاسەری ئێراندا هەڵدەگیرسا و لە زۆربەی شارەکاندا ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەت دەبونەوە، بەلام بەداخەوە هەموو جارێک بەبەکارهێنانی سیاسەتی ئاگرو ئاسن و تیرۆر و چەکی ئایین نارەزایەتیەکان لەلایەن رژێمەوە سەرکوت دەکران. بەڵام ئەمجارە جەماوەری نارازی و لەپێش هەموویانەوە ژنان بڕیاری کۆتایی هێنانیان بەم رژێمە نەگریسە داوە و چیتر تەحەمولی ئەم حکومەتە ناکەن و هیچیان نەماوە تا لە دەستی بدەن. تاکەی باری گرانی و هەژاری ونەبوونی قورسایی لەسەر ژیانیان دابنێ، تاکەی ڕێگا بدەن تا مافە سەرەتایی و ئاساییەکانیان پێشێل بکرێت و بە چەکی ئیسلام رژیم دەست بخاتە ناو تەواوی جمگەکانی ژیانیان و ڕێگەی هەناسەدانیشیان بۆ نەهێڵێتەوە. چل و دووساڵە بەدەست سیاسەتی سەرکوت و کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی دەناڵێنن و لە ڕێگای سەپاندنی شێوەیەک لە جل وبەرگ وحیجابی زۆرە ملی و ڕێگا لەهەموو ئازادیەکانیان گیراوە. لاوانی کۆمەڵگە کە دەستیان بە تەکنۆلۆجیای مۆدێرن و ئینتەرنێت دەگات و ئاشناییان بە سۆشیال میدیا هەیە، سیاسەتی سانسۆری رژێم چیتر کاریگەری نەماوە، دەتوانن ئاگاداری بارودۆخی جیهان و شێوەی ژیانی کۆمەڵگەکانی تر بن. ئەم سیستمە دەسەڵاتداریەتی لە ئێران و سەپاندنی یاسا وڕێسای سەدەکانی ناوەراست چیتر ناتوانێت تەحەمول بکرێت هەر بۆیە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران ئەمجارە دژی تەواوی ئایدیۆلۆجیای رژێمی ئیسلامیە. ئەمجارە رەخنەیان لە بەشێک یان سیاسەتیکی رژیم نییە، بەلکوو داوای روخانی یەکجاری دەکەن.

**حیجابی زۆرەملێ سومبولی ژێردەستەیی ژنان و ملکەچ کردنیانە و یەکێك لە چەك و ڕەمزەکانی جمهوری ئیسلامیە. فرێدان و سوتاندنی حیجاب بۆخۆی خستنە ژێر پرسیاری دەسەڵاتداریەتی خودی ئیسلام و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامە...**

**بۆپێشەوە: لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا حیجاب و عەمامە کەوتونەتە بەردەم هێرشی لاوان و خەلکی پێشکەوتنخواز، لەوبارەوە دەڵێن چی؟**

**خالید ساڵح:** کچان و ژنانی ئێرانی لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا حیجابەکانیان فڕێ دەدەن یان دەیسوتێنن و مێزەری مەلاکان لەسەری پیاوانی ئایینی فڕێ دەدەن. حیجابی زۆرەملێ سومبولی ژێردەستەیی ژنان و ملکەچ کردنیانە و یەکێک لە چەک و ڕەمزەکانی جمهوری ئیسلامیە. فرێدان و سوتاندنی حیجاب بۆخۆی خستنە ژێر پرسیاری دەسەلاتداریەتی خودی ئیسلام و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامە. کاتێک مێزەر لەسەری مەلاکان فڕێ دەدەن ئەوە ماناکەی دژایەتی و هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی مەلاکان و ولایەتی فقیهە. بەم شێوەیە لە ئێراندا دەسەلاتی ئایین ئیتر کۆتایی پێهات و چیتر چەکی ئایین ناتوانێ خەڵکیان بۆ هەڵبخرێنێت. مزگەوتەکانیان چۆڵ وهۆڵە و کەس ڕووی تێناکات و کەسیش تاقەتی گوێگرتنی لە وتەی مفت و درۆ و حیکایەتەکانی پیاوانی ئایینی نەماوە. دەسەڵات و حکومەتی ئەمجارەی ئێران سکولار و مۆدێرن دەبێت کە هەموو هاوڵاتیان بەیەک چاو سەیر دەکات و دەوڵەت بەبێ هیچ جیاوازیەک هەموو مافە مەدەنی و تاکەکەسیەکان دابین دەکات. لە دەوڵەتی داهاتووی ئێراندا ئایین هیچ ڕەنگ و بۆیەکی نابیت و جارێکی تر ناهێڵن هیچ ئایینێک دەست بخاتەوە ناو ژیانیان.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستای ئێران، ئایا ئەوە ڕاپەڕینە یان شۆڕش، یان هەستانێکی جەماوەری کاتیە؟**

**من زاراوەی ئیسلامی سیاسی بەکارناهێنم چونکە ئیسلام بۆخۆی هەر لە دامەزراندنیەوە دین و سیاسەت بووە واتە ئایدیۆلۆجیای شەڕ و سیاسەت بووە. دامەزرێنەری ئیسلام دەوڵەتی لە شاری مەدینە دروست کرد و بۆخۆی بوە سەرکردەی دەوڵەتەکەی، هەر بۆیە ئیسلامی نا سیاسیمان نیە..**

**خالید ساڵح:** بەبڕوای من ئەمەی ئێستا کە لە ئێران هەڵگیرساوە و دوو مانگ ونیوە درێژەی هەیە شۆرشی جەماوەری ستەمدیدەی ئێرانە بەهەموو مانایەک و سەرەڕای سەرکوت و ئیعدام و گرتن و زیندانیکردنی خەلکی نارازی، بەلام بلێسەی شورش بەردەوامە و هەتا بێت بەهێزتر دەبێت و توانیویەتی پشتیوانی هەمەلایەنە بەدەست بهێنێت.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە سەرکەوتنی ڕاپەڕینە چۆن مەیسەر دەبێت، بە واتایەکی تر سەرکەوتنی ئەم ڕاپەرینە لە گرەوی چیدایە؟**

**خالید ساڵح:** نیشانەکانی سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە هەر لەئێستەوە دیارە، هەمەلایەنە بوون و سەرتاسەری نارەزایەتیەکان فاکتەرێکی زۆر گرنگە کە خەلکی نارازی تەنیا هی یەک ناوچە و چەند شارێک نییە، بەلکو هەموو ئێرانی گرتوەتەوە. پشتیوانی چینی کرێکار و بەشداریان لەم شۆڕشەدا کاریگەری ئێجگار گرنگی دەبێت و سەرچاوەکانی داهاتی رژێم وشک دەکات. هەروەها بەردەوام دەبینین کە توێژی جۆراوجۆر وەک خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران و پیشەوەران و وەرزشکاران و هونەرمەندان پشتیوانیان لەم ڕاپەڕینە ڕاگەیاندوە و خۆپیشاندانیان ڕێکخستوە و بەردەوامن لە نارەزایەتیەکاندا. نەفرەتی گشتی لە جمهوری ئیسلامی و بەدەستهێنانی هەموو جۆرە پشتیوانیەک بۆ ئەم ڕاپەڕینە چ لە ناوەوەی ئێران وچ لە دەرەوەی دەتوانێ هیوا و ئومێدی خەڵکی ڕاپەڕیو بەرز ڕابگرێت و تا کۆتاییهێنان بە دەسەلات و تەمەنی نەگریستی جمهوری ئیسلامی لە نارەزایەتیەکان دەست هەڵنەگرن.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی بزووتنەوە سیاسیە بۆرژوازیەکان، بەتایبەتی ناسیونالیستی کورد و ناسیۆنالیزمی عەزەمەت تەڵەبی ئێرانی؟**

**خالید ساڵح:** بزووتنەوە سیاسیە بورژوازیەکان نەخوازیاری شۆڕشن و نە دەیانەوێت شۆڕشی جەماوەر سەربکەوێت. باڵێکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی جارێکی تر داوای گەڕانەوەی شاە دەکەن و لەنەفرەت بەرامبەر بە جمهوری ئیسلامی کەڵکیان وەرگرتوە تا نوێنەری خۆیان لە کوڕی شاەدا زیندو بکەنەوە، بەڵام گەلانی ئێران لە ئەنجامی شۆرشێکی پرشنگدار و مێژوویەوە دەسەلاتی شاهی رووخاند و جارێکی تر تووشی ئەو خۆش باوەڕیە نابێتەوە. لە بارودۆخی شۆڕشدا بە گشتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان خۆیان مات دەدەن تا ئاڵوگۆڕێک ڕوودەدات و دواتر بچنە سەر حازری و ئەنجامی شۆڕشەکە بە قازانجی خۆیان بشکێننەوە. ئەم سیاسەتەی حیزبە بورژوازی و دینیەکان لە کوردستان و عیراق و میسر و باقی وڵاتانی ناوچەکە بەچاوی خۆمان دیتمان. حیزبە ناسیۆنالیستە کوردیەکانیش خەریکی چاندنی تۆیی جیایی و ناوچەگەریێتی و قەومی بوون، بەڵام بۆیان نەچوە سەر. ویستیان نارەزایەتیان مۆرێکی کوردی لێبدەن و کەڵک لە ناوی مەهسا ئەمینی وەربگرن کە کوردە و دانیشتووی کوردستان بووە. بەڵام خۆشبەختانە لەم هەوڵەیاندا تێکشکان. خەڵکی کوردستانی ئێران پێویستە لە دەسەڵاتداریەتی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکانی عیراق ئەزمون وەربگرن کە جگە لە گەندەڵی و خۆ بەستنەوە بە وڵاتانی دراوسێ و ناکۆکی چاندن و دەسەلاتی بنەماڵەیی هیچ پەیامێکی تریان بۆ کۆمەڵگا پێ نییە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کریکار لەو ڕاپەڕینەدا چیە؟**

**خالید ساڵح:** لە هەموو ڕاپەرینێکدا ڕۆڵی چینی کرێکار دەتوانێ کاریگەری یەکلاکەرەوەی دەسەلاتی هەبێت. لە شۆڕشی پێشووی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێک کرێکارانی نەوتی ئێران مانیان گرت و کارگەکان لە کارکەوتن رژێمی شاه چیتر خۆی نەگرت و دەسەلاتی بەیەکجاری کۆتایی هات. ئەمجارەیش پشتیوانی کرێکارانی کارخانە گەورەکانی ئێران لە ڕاپەڕین مایەی ئومێدیکی گەورەیە بۆ سەرکەوتنی بەسەر دەسەڵاتداریەتی رژێمی هار و درندەی ئیسلامیدا. بۆ نموونە تائێستا کرێکارانی نەوت و کارگەی ئاسنی ئەسفەهان و کریکارانی لۆجستیکا و ....هتد لە ڕێگەی مانگرتن و نارەزایەتیەکانیانەوە پشتیوانیان لە ڕاپەڕین کردوە و هیوادارم ئەم مانگرتنانە سەرتاسەری و هەمە گیرببنەوە و سەرکەوتنی شورش بەهێزتر و خێراتر دەکات و دەستی رژێم لە سەرکوتی خەلکی ڕاپەریودا دەبەستێت.

**بۆپێشەوە: ڕاپەڕینی خەلکی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و دنیا دەبێت بەتایبەتیش ئیسلامی سیاسی؟**

**خالید ساڵح:** ڕاپەڕینی خەلکی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان دەتوانێ خاڵێکی پرشنگدار بێت لە سەرکەوتنی ئیرادەی جەماوەری ئازادیخواز و تینووی ژیانێکی مۆدێرن و سکۆلار. من زاراوەی ئیسلامی سیاسی بەکارناهێنم چونکە ئیسلام بۆخۆی هەر لە دامەزراندنیەوە دین و سیاسەت بووە واتە ئایدیۆلۆجیای شەڕ و سیاسەت بووە. دامەزرێنەری ئیسلام دەوڵەتی لە شاری مەدینە دروست کرد و بۆ خۆی بوە سەرکردەی دەوڵەتەکەی، هەر بۆیە ئیسلامی نا سیاسیمان نییە. کۆتاییهێنان بە دەسەلاتداریەتی ئیسلامی ئێران کۆتاییهێنانە بە تێرۆری ئیسلامی، کۆتایی هێنانە بە پەروەردەی دەستەوتاقمی تیرۆریست لەهەموو کونج و قوژبنێکی وڵاتانی دەوروبەر وەک لە عیراق و لوبنان وفەلەستین و یەمەن و نایجیریا و ئەفغانستان. خەلکی ئەم وڵاتانە لە مۆتەکەی تیرۆری ئیسلامی و هەڕەشەکانیان رزگاریان دەبێت و هەناسەیەک بەبەریاندا دێتەوە تا بە بارودۆخی خۆیاندا بچنەوە و کۆتایی بە شەر و نائارامی و تایەفەگەری و کۆشت وکوشتار و قەیران لە وڵاتەکانیان دا بهێنن. ئێمەیش لە عیراق، کۆمەڵگە لەدەست حیزب و میلیشیا و دەستەوتاقمی تیرۆریست و چوقۆکێشی ئیسلامی بە شیعە و سوننەوە کە وابەستەو بەکرێگیراوی حکومەتی جمهوری ئیسلامین رزگاری دەبێت و ئەم لایەنانە وەک بەفری بەهار دەتوێنەوە کە ئێستا کۆمەڵگەی عیراقیان تووشی قەیران و ئیفلیج کردوە و هەموو داهاتی ولاتیان حەیف ومەیل کردوە و ژێرخانی ئابووری عیراقیان بەتەواوی کاول کردوە. ئەوکات خەلکی ئازادیخوازی عیراق دەتوانێ سەرکردەکانیان دەستگیر و دادگایی بکات و هەموو ئەو سامانە دزراوانەی ولات لە قورگیان دەربهێنێتەوە....



## مەحمود حەلاق : بەبڕوای من ئەم بزووتنەوەیەی خەڵك لەم ڕاپەڕینەدا پلاتفۆرمێكی بەقازانجی بزووتنەوەی سۆشیالیستی چینی كرێكار "كۆمۆنیزم" زۆر بەسادەیی و ڕۆشنتر هێناوەتە دەرەوە ..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ مەحمود حەلاق، ئەندامی كۆمیتە ناوەندی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان سەبارەت بە" ڕاپەڕێتی خەڵکی ئێران و ئایندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"

**بۆپێشەوە : هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەری لەئێران پێی نایە دوو مانگەوە، هۆکاری درێژەکێشانی ئەم ڕاپەڕینە بۆچی دەگەڕێتەوە؟!**

**سەرەتا:** زۆر سوپاس بۆئێوەو بۆ ڕۆژنامەی بۆپێشەوەی ئازیز...

**مەحمود حەلاق:** ڕاپەڕین لەئێراندا سەرەڕای نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن کەبەبڕاوی من یەکێکە لەزوعفە گەورەکانی، بەڵام لەئەنجامی گۆڕانی بالانسی هێز کە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم لەئێراندا هێناویەتە پێشەوە بەزیانی جمهوری ئیسلامی، یەکێکە لەسەرەکیترین هۆکاری بەردەوامبوونی ئەم ڕاپەڕینەیە، هەر ئەم بالانسی هێزە، جەسوری و ئیرادەیەکی فوق العادەی بەخشیوە بە زهنەیەت و بڕیارلێدانی خەڵک بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و لەمەیداندا مانەوەی بەشەوو بەڕۆژ .. ئەمە بەجۆرێکە کە سەرتاپای کۆمەڵگەی خستۆتە سەرەتاو دەروازەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەو کۆمەڵگەی بردۆتە قۆناغێکەوە کەبەبڕوای من ئیتر بواری گەڕاندنەوەی بۆدواوەی نەهێشتۆتەوە.. کەم نییە مەسەلەی ژن و ئازادی و یەکسانی ئەوانی کردووە بەکەیسی کۆمەڵگەو تەنانەت بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهانیشی هێناوەتە پشتی خۆیەوە. کەم نییە زیاتر لەچڵ ساڵ تیرۆرو ئیعدام و بێکاری و کەسابەتی خەڵک، نەداری و گرانی کەمەر شکێن .. ڕاگرتنیان لەوەزعێکی تا ئەودیو ئێسکیشەوە نائینسانی ... ڕاپەڕین لەم کەناڵەوە هاتۆتە دەرەوەو ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەی هێناوەتە سەرشانۆی ڕووداوە گرنگەکان کەلەجەوهەری خۆیدا دەیان پەیامی ئینسانی هەڵگرتووە، مەگەر ئەمانە بەس نین، بۆئەوەی ئیرادەی خۆپیشاندەران بەهێزەوە لەمەیداندا بمێنێتەوە ؟

> ڕاپەڕینەکە مادام هەڵگری پەیامێکی ئینسانی و سیمای ژنانەی هەڵگرتووە، هەربەو دەلیلەش جێگای پشتیوانی بێ دریغی بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهانە... هاتنە دەرەوەی ژنان بۆڕاپەڕین و بەشداری کارای ئەوان شانبەشانی لاوان و خەڵکی ئازادیخواز، دژایەتی سەرسەختانەی ئیسلام و سوتاندن و دڕاندنی ڕموزە ئیسلامیەکان، خاپورکردنی پەیکەری ئیمامەکانی ئومەتی ئیسلامی، سوتاندنی بارەگاو مقەڕو مۆڵگاکانی ڕژێم... هەموو ئەوانە بەشێکی گرنگن بۆپەیوەست بوون و پشتیوانی خەڵک لەئاستی نێونەتەوەییدا ...

**بۆپێشەوە: جیاوازی ڕاپەڕین و هەستانی جەماوەری ئەمجارەی ئێران لەگەڵ ئەوانی پێشووتر چیە؟!**

**مەحمود حەلاق:** بەبڕوای من جیاوازییان نییەو لەمەودای نزیک و دووری خۆیدا یەک بزووتنەوە بوون بۆڕاپەڕین، بەڵام هەتا هاتووە شەفاف ترو خاراوتر و سیاسی تر بووەتەوە کە بەم قەدوقامەتەی ئێستایەوە هاتۆتە مەیدانەوەو خۆی نمایش دەکات. ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی ئێران نەوەکو ڕاپەڕینە پچڕ پچڕەکانی بەغدادو باشوورو ناوەڕاستی عێراقەو نە وەکو بەهاری عەرەبی کە من ناوم لێناوە زریانی عەرەبی! بەڵکو بەرئەنجامی قۆناغ دوای قۆناغی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەرییە، بەرئەنجامی هاوسەنگی و بالانسی هێزە لەنێوان چینی کرێکاری ئێران و خەڵک و دەسەڵاتی نەنگینی ئاخوندەکان بەدرێژایی زیاتر لەچڵ ساڵ کە هەم پێشرەی کردووەو هەم سیاسی ترو ڕۆشنتریش بووەتەوەو بەم سیمایەی ئێستایەوە لەمەیداندایە.. ئەم ڕاپەڕینە بۆیە بەهێزەو پەلاماردەرو لەسەرشەقام و ناوشارەکان بەهێزی خۆیشی ماوەتەوە، لەئەنجام و ئاکامی مەیدانداری ڕەوتە کۆنەپەرستەکاندا لەدایک نەبووە هەروەک لەزریانی عەرەبیدا بینیمان کەلەگەڵ گەورەبوونەوەیدا لەبار بچێت، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە، لەدژی کۆنەپەرستی و هەژموونی ئیسلامی و ئیسلامیەکاندا هاتۆتە سەرشانۆ بۆ ئاڵوگۆڕ، کەبەبڕوای من ئەم نەبەردە گەورەیەو ئەم تێڕوانینە ڕیشەدارەی خەڵک، پێشکەوتووتنخواز، ئینساندۆستەو لەپێناوی ئازادیدا قارەمانانە لەمەیداندایە. ئەم ڕاپەڕینە سێکۆلاریست و چەپ و ڕادیکاڵە، دژی ئیسلام و کارکردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەوە، ڕەنگ و سیمای ژنانەی هەڵگرتووەو ئازادی و یەکسانی ئەوانی کردووە بە پێوەری ڕزگاری کۆمەڵگە، چونکە ڕژێمی ئیسلامی دژە ژنە .. بۆیە بەبڕوای من ئەم بزووتنەوەیەی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا پلاتفۆرمێکی بەقازانجی بزووتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار "کۆمۆنیزم" زۆر بەسادەیی و ڕۆشنتر هێناوەتە دەرەوە ..

**بۆپێشەوە: کاتێک تەماشای دروشمەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەکەین، ڕادیکاڵ و یەجگار پێشکەتووخوازانەو چەپییە ، هۆکاری ئەمە چیە؟!**

**مەحمود حەلاق:** من نامەوێت بچمەسەر ئەوەی کەخەڵکی ئێران و چینی کرێکار لەئێراندا چ دەرس و تەجروبەیەکی تاڵی هەبووە لەدەسەڵاتی سەرمایەی پاشایەتی و بەدێژایی چل ساڵیش لەلایەن جمهوری ئینسانکوژی ئیسلامیەوە، بەڵکو لەلایەکی تریشەوە ئێستا خەڵکی ئێران بازاڕی سەرمایەی جیهان سازی نیئۆلیبرالیزمی سەرمایەداری جهیانیش کەناسیونالیستە سەڵتەنەت تەڵەبەکانی ئێستا لێکی بۆ دەڕێژن لەبەرچاویانە کەچ کارەساتێکی بۆجەنگ و مەرگ و برسێتی و بێکاری لەجیهاندا هێناوەتە پێشەوە، چ دەردو بەڵاو فەلاکەت و ڕۆژ ڕەشییەکیان بەسەر خەڵکی ئێراندا هێناوە... هەربۆیە کاریگەرییەکانی

> خودی ڕاپەڕین و هاتنەدەرەوەی ژنان، هاتنە دەرەوەی چینی کرێکار بەقەدو قیافەی چینایەتی خۆیەوە، ئیشارەتێکن بەرەو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کەبۆدواجار لەنەبەردێکی گەورەتردا کۆتایی بەدڕەندترین دەسەڵاتی سەرمایەی ئیسلامی دەهێنێت ....

بزووتنەوەی ئینسانی چینی کرێکاری ئێران بەسەر خەڵکەوە کەیەکێکە لەسەرەکیترین و ڕیشەدارترین و ئێسک سوکترین بزووتنەوە لەئێراندا، خۆشەویست تر و نازدارتر

> وەستانەوە بەرووی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و رەمزەکانیدا، فڕیدانی حجاب و سوتاندنی، فرێدانی عەمامەکان، شکانی ترسی جەماوەری لە زەبروزەنگی رژێم، هاوئاهەنگی نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سەراسەری بوونی، خۆراگری وبەدەستەوە گرتنی داهێتانی نوێ، بەدەستەوەگرتنی مینبەری مزگەوتەکان لەلایەن رابەران و هەڵسوڕوانی راپەرینەوە بۆ هاندانی جەماوەر لە جێگای وتەی مەلاکان و ژەهرڕێژکردنی کۆمەڵگە، مۆرکی ئینسانی و ئازادیخوازانەو کەنار خستنی ناسنامە قەومی و عەزمەتەڵەبی باڵەکانی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆن و وەڵامدانەوەی بەکردەوە بە پرۆژەو دروشم و هەوڵەکانیان بۆ شەقکردنی نارەزایەتیەکان، خۆشباوەرنەبوون بە درۆی ئەمریکاو غەرب، بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جیهانی و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان، گۆرانی هاوسەنگی هیز بە سودی جەماوەری، پەرەگرتنی ترسی رژێم لە سەرەنگرێ بوون... ئەو دەستکەوتانەن کە تائیستا بەدەست هاتوون...

ئەخاتە پێش چاوانەوە. مێژووی ئەو چینە خەبات و تێکۆشان بووە لەپێناوی ئێرانێکی

شانبەشانی لاوان و خەڵکی ئازادیخواز، دژایەتی سەرسەختانەی ئیسلام و سوتاندن و دڕاندنی ڕموزە ئیسلامیەکان، خاپورکردنی پەیکەری ئیمامەکانی ئومەتی

چینایەتی خۆیەوە، ئیشارەتێکن بەرەو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کەبۆدواجار لەنەبەردێکی گەورەتردا کۆتایی بەدرەندترین دەسەڵاتی سەرمایەی ئیسلامی دەهێنێت... ئەو

هەڵوەشاندنەوەی یاساو ڕێسا شەرعیە ئیسلامیە دژەژنەکان، فەراهەمکردن و بەفەرمی ناسینی ئازادییە سیاسییەکان وە لەدواییشدا ئازادی زیندانیانی سیاسی، کەبەبڕوای من ئەم سێ کەناڵە دەتوانێت ئیرادەی خەڵکی بەهێزترو هەمیشە دەمەزەرد بکاتەوەو بەم هۆیەشەوە دەرک و فکری ڕۆشنتر بکاتەوە لەوەی کەئیرادە و بڕیار چەندە گرنگن بۆپێشڕەوی زیاتر بەرەو سەرنگونی و شۆڕش...

ئەوەی کەدەمێنێتەوە ئایا جمهوری ئیسلامی دەتوانێت ڕاپەڕین سەرکوت و خوێناوی بکات! بەستراوەتەوە بە مانیفێست و ئاسۆو سیاسەتێکی تەواو سۆسیالیسیتیەوە .. هەرگیز ئەوروپا و ئامریکا، سەرەڕای دەستەپاچەییان لە دیاریکردنی دەسەڵات و حوکومەتی دڵخوازی خۆیاندا، هەروا بەسادەیی سەیرکەر نین کە دەسەڵات بکەوێتە دەستی خەڵکەوە لەڕێگای شوراو بەدیلی کۆمۆنیستیەوە .. لەوانەیە

**ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە بەردەوامی ڕاپەڕین و خاراوتربوونەوەو مانەوەشی لەمەیداندا بەقیافەی خۆیەوە، دەتوانێت ئەمانە بێت: هەڵوەشاندنەوەی یاساو ڕێسا شەرعیە ئیسلامیە دژەژنەکان، فەراهەمکردن و بەفەرمی ناسینی ئازادییە سیاسییەکان وە لەدواییشدا ئازادی زیندانیانی سیاسی، کەبەبڕوای من ئەم سێ کەناڵە دەتوانێت ئیرادەی خەڵکی بەهێزترو هەمیشە دەمەزەرد بکاتەوە ...**

باشتردا، قۆناغ و فازی خوێناوی بڕیوەو دەیان نشست و پێشڕەوی بڕیوەو هەرجارەش خاراوترو ڕۆشنتر هاتۆتەدەرەوە .. هاتۆتە مەیدانەوە بۆئاڵوگۆڕ بەقازانجی گشتی کۆمەڵگەو ئێستاکەش لەمەیداندا خەریکە مۆری خۆی دەنێت بە بزووتنەوەکەی خۆیەوە کەسۆسیالیزمە... بەم هۆیەوە لەمەودای دووری خۆیدا کاریگەری سیاسی و فەرهەنگیەکانی خۆی بەسەر سەری کۆمەڵگەوە بەجێ هێشتووە، چونکە ئینسانیە و دژی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەیە، دیفاع لەژیان و ئایندەو زیندوومانەوەی ئینسانی ئەو وڵاتە دەکات، لەسەنگەری دیفاع لەقەزیەی ژن و ئازادی و یەکسانی ئەواندایە، لەسەنگەری بەئینسانی کردنەوەی کۆمەڵگەدایە و هەڵگری پەیام و بانگەوازێکی ئینسانییە و بەم هۆیەو دەیان هۆی ترەوە ڕۆح سووک کەوتۆتە پێش چاوانەوە ... هەربۆیە کاریگەرییەکانی هێندە قوڵن کە توانیوێتی سیمای سیاسی بەشی هەرزۆری خۆپیشاندانەکان بەقازانجی گشتی خەڵک و بەهێزکردنی بزووتنەوەکەی خۆی بگۆڕڕێت و شیعارو هوتافاتەکان ڕادیکاڵ و چەپگەرایی لەهەر خۆپیشاندان و کوچەو شەقامی شاردا ببێت بە سەرەکی ترین شیعارو هوتافات...

**بۆپێشەوە: ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران زۆر زوو لەپشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بەهرەمەند بوو، ئەو هۆکارانە کامانەن کەوای لەخەڵکی جیهان کرد پشتیوانی لەڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بکەن؟!**

**مەحمود حەلاق:** خودی ڕاپەڕینەکە مادام هەڵگری پەیامێکی ئینسانی و سیمای ژنانەی هەڵگرتووە، هەربەو دەلیلەش جێگای پشتیوانی بێ دریغی بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهانە... هاتنە دەرەوەی ژنان بۆڕاپەڕین و بەشداری کارای ئەوان

ئیسلامی، سوتاندنی بارەگاو مقەڕو مۆڵگاکانی ڕژێم... هەموو ئەوانە بەشێکی گرنگن بۆپەیوەست بوون و پشتیوانی خەڵک لەئاستی نێونەتەوەییدا ... هەروەها ڕۆڵ و نەخش و مانەوەی لایەن و ئەحزابی کۆمۆنیست و ئازادیخوازان لەئەوروپا بۆ سەپۆرتی ڕاپەڕین و خۆپیشاندەران و

تایبەتمەندییانەی کەلە پرسیارەکانی پێشتردا بەکورتی باسم کردن، نەفرەتی قووڵی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەژن و پیاوەوە لەدژی ئیسلام و ڕەوەندی ئیسلامی، بەرجەستەکردنەوەی ئازادی ژنان و یەکسانیخوازی، لەپێداگری لەئازادی و دژایەتی سەرسەختانەی ئیسلام، هەرلە

**ئایا جمهوری ئیسلامی دەتوانێت ڕاپەڕین سەرکوت و خوێناوی بکات! بەستراوەتەوە بە مانیفێست و ئاسۆو سیاسەتێکی تەواو سۆسیالیسیتیەوە .. هەرگیز ئەوروپا و ئامریکا، سەرەڕای دەستەپاچەییان لە دیاریکردنی دەسەڵات و حوکومەتی دڵخوازی خۆیاندا، هەروا بەسادەیی سەیرکەر نین کە دەسەڵات بکەوێتە دەستی خەڵکەوە لەڕێگای شوراو بەدیلی کۆمۆنیستیەوە .. لەوانەیە بۆسەرکوتی ڕاپەڕین گروپی مافیایی و ئەڵقە لەگوێی خۆیان دروست و تەمویل بکەن بۆکاری تەخریبات و قەتڵ و عامی لێپرسراوان و کاربەدەستی ئیسلامی و ئاخوندەکان، یان دنەدانی بۆنمونە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ گۆڕینی ڕاپەڕینی چەکداری، کەهەموو ئەوانە کیفایەتن بۆ لەخوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگەو سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕین ...**

ناساندنی پەیامی ئەم ڕاپەڕینە، بۆخۆی جێگاو نەخشێکی دیارترو کاریگەرتری خستەسەر زهنەیەت و هۆشی خەڵک لەئاستی جیهاندا ...

**بۆپێشەوە: ئایندەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران چۆن دەبینن؟! ئایا جمهوری ئیسلامی دەتوانێت سەرکوتی بکات، یان لەوە تێپەڕیووەو پاشەکشەی پێ ناکرێت؟!**

**مەحمود حەلاق:** بەبڕوای من چەند فاکتەرێک گرنگن بۆ بەردەوامی و چوونە سەرو پێشڕەوی زیاتری ڕاپەڕین و تەبدیلکردنی بۆشۆڕش کەلەخوارەوە بەکورتی ئیشارەتیان بۆ دەکەم، بەڵام خودی ڕاپەڕین و هاتنەدەرەوەی ژنان، هاتنە دەرەوەی چینی کرێکار بەقەدو قیافەی

وەستانەوە لەدژی بێکاری و هەژاری کەمەر شکێن و تاد... ، هەموو ئەوانە فرسەتی گەورەو فازو قۆناغێکی بێوێنەو لەبارترو خاراووتری هێناوەتە سەر شانۆی ڕووداوەکان کە ئیتر کۆمۆنیزم و چینی کرێکارو چۆن بتوانێت ببێتە ئاکتەرو یاریکەرێکی سەرەکی شۆڕش بەرەو سۆسیالیزم... بەبڕوای من خودی ئەم ڕاپەڕینەو بەردەوام مانەوەی بەهێزی خۆیەوە، ئەم دەرگایەی بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکانی ناو بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری بەکراوی هێشتۆتەوە...

ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە بەردەوامی ڕاپەڕین و خاراوتربوونەوەو مانەوەشی لەمەیداندا بەقیافەی خۆیەوە، دەتوانێت ئەمانە بێت:

بۆسەرکوتی ڕاپەڕین گرووپی مافیایی و ئەڵقە لەگوێی خۆیان دروست و تەمویل بکەن بۆکاری تەخریبات و قەتڵ و عامی لێپرسراوان و کاربەدەستی ئیسلامی و ئاخوندەکان، یان دنەدانی بۆنمونە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ گۆڕینی ڕاپەڕینی چەکداری، کەهەموو ئەوانە کیفایەتن بۆ لەخوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگەو سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕین .. دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە وشیارییەوە هەوڵی دوور خستنەوەی ئەمجۆرە تەڵەو سیاسەتە بدەن و خۆیان لەهەژموونی فکری و ئایدۆلۆژی کارکردە سیاسییەکانی ئەوان جیابکەنەوە و بەڕیزی سەربەخۆی خۆیان لەشوراو بەدیلی سۆسیالیستیدا خۆڕێکخراو بکەن ...

**ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی راپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، ماموستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، بالادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی رۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆڕش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و راپەرێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**

## درێژەی دوا وتە...

بوو، کە یەکێتی هەوڵیدا لەڕێگایەوە باڵانسی هێز بگێرێتەوە و پارتی لەو پێگەیەی هەیە پاشەکشە پێبکات، بەڵام چ بەو هۆیەوە ١٦ ئۆکتۆبەر خێری بۆ یەکێتی نەدایەوە لەوەش زیاتر بووە هۆی پاشەکشەی سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەبەرامبەر بەغدا و لەدەست دەرهاتنی کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان لەدەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەیش لەدەستی یەکێتی کە زۆتر جغرافیای یەکێتی بوو، یەکێتی خستە پێگەیەکی لاوازتر لە پیش ١٦ ئۆکتۆبەر. لەوکاتەوە لەلایەکەوە باڵانسی هێزی نێوان بەغداو هەرێم بەسودی ناوەند گۆڕاو، ڕەوتی هەژموونی پارتیش بەهۆی شکستی یەکێتی لە ١٦ ئۆکتۆبەرداو بەئاکام نەگەیشتی ئامانجەکانی، لە برگەیەکی نوێدا دەستی پێکرد. دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان و سەرباری بەشداری نەکردنی خەڵک و دەنگ هێنانی پارتی لەگەمەی هەڵبژاردنەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێش یەکێتی و هیزەکانی دی، بەکردەوە پارتی کردە لایەنی بڕیار بەدەست و هاوسەنگی هێزی لەدۆخێکی تازەی بێ تاڵەبانی و سەرلێشیواوی یەکێتیدا، بەسودی خۆی گۆڕی. هاوکات کۆنگرەی ١٤ پارتی کە نمایشی دەسەڵاتی بنەماڵەیی نمایش کرد و بەڵێنی پابەندی ئامۆزاکانی بۆ پارتی خستە ڕوو لەبەرامبەر لێکترازانی پەیوەندی ئامۆزاکانی ناو یەکێتیدا... هەنگاوێکی تری پارتی بوو چ لەسەر ئاستی گەمەی هەڵبژاردنەکان و چ لەسەر ئاستی حزبی و بنەماڵەیی... بەمەش پارتی دەیەوێت لە ئاست ئەو بەرەوپێش چوونانەی لە بەرامبەر یەکتیدا، هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمدا نمایش بکات و لەو ڕێگایەشەوە ئەم پەیامە بدات کە هێزی یەکەمی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانە.

یەکێتی نیشتیمانی لە بەرامبەر پارتیدا، کە ئامادەنییە پێگەی تازەی پارتی بەفەرمی بناسێت، دەیەوێت بە دروستکردنی بەربەست یان هاوپەیمانیەتی پارتی رابگرێت. کۆبونەوەی دوکان لەسەر بانگەوازی یەکێتی، کە وەڵامە بە بانگەوازی ناو بەناو وبەردەوامی پارتی بۆ کۆکردنەوەی حزبە سیاسیەکای هەرێم و کەسی یەکەمیان، نمایشی یەکێتی و هاوکات هەوڵیکە بۆ گوشار خستنە سەر پارتی تا مل بە ویستی یەکێتی و داخوازییەکانی بدات، کە یەکێتی هێندە تامەزرۆیەتی تا رادەی پاڕانەوە لە پارتی. هەر ئەم ئەلگۆ شکست خواردووەشە پارتی کردۆتە هێزی هیرش بەر و لاباک لەبەرامبەر بەداخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش.

دەوانی پێشوو کە تاڵەبانی لە ژیاندا بوو، پارتی بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان مامەڵەی لەگەڵ یەکێتی نەدەکرد، بەڵکو بەر مەبنای هاوبەشێتی و دەسەڵاتی یەکێتی لە زۆنێک و مێژووی شاخی!! رەفتاری لەگەل یەکێتی دەکرد، بەڵام ئێستا پارتی بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان و لە رەوتی داسەپاندنی هەژموونی زۆرتر و گۆرینی پێگەی خۆی بە حزبی دەسەڵاتی رەهادا، مامەڵە لەگەڵ یەکێتی و هێزەکانی دیکە دەکات. ئەوەش ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لە سیاسەتی پارتیدایە بەرامبەر بەیەکێتی لەدۆخێکی نوێدا. یەکێتی نیشتیمانی لەبەرامبەر بەو سیاسەت و هەژموون تەڵەبیەی پارتیدا، دەست بۆ کارتی سوک و سوتاو دەبات، لەوانە پرسی لامەرکەزی، دووبارە باسی دووئیدارەیی کە خۆی ئێستا دوو ئیدارەییە، خۆ بەستنەوەو خەیاڵ لێدان بەوەی لەگەڵ بەغدادا تاک لایەنە بەندو بەست بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بکات، تادەگات بە باسی کشانەوەی لە حکومەتی هەرێمدا...تاد ئەوانە کارتی سوتاون لەبەرامبەر بە پارتیدا، جیا لەوانە دۆخی ئاڵۆزکاوی ناوخۆی یەکێتی، بەجۆرێکە بواری هەناسەدانی تەسک و توانای دەرچوون لە ئەزمەکانی خۆی نییە، ئەوە جیا لەوەی لە زۆنی سەوزدا هاوبەشی بۆ دروست بووە بێ گرفت نییە لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی زۆنەکەدا.

نە کۆبونەوەی لەچەشنی ئەوە دوکان و نە هاوپەیمانیەتی یەکێتی لەگەڵ هیزەکانی دی لە زۆنی سەوز و نە گلەیی و پارانەوە و نە ڕێکەوتنی تری ستریتیجی لەگەڵ پارتی، ڕێگای دەرچوونی یەکێتی لەو ئەزمەو تەریک و کەوتن و بچووک بوونەوەی نییە. یەکێتی ئەگەر دەخوازێت لەوە زیاتر نەبێتە نێچیری نەیارەکانی و بچوکتر و بچوکتر و بێ رۆڵ نەبێت... تەنها یەک ڕێگای لەبەردەمدایە، ڕێگای دەستبردن بۆ مۆدیلێکی تری حکومرانی، ئەلگۆیەک کە جیاوازی بنەرەتی خۆی لەگەڵ پارتی بخاتە ڕوو. ململانیکەی لە هەرێمدا لەگەڵ پارتی بباتە ململانێ لەسەر دۆسیەکانی پەیوەند بەچارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە... خستنە رووی مۆدێلیک لەدەسەڵات، کە پشت بەئیرادەی خەڵک ببەستێت، سەربەخۆی سیاسی و بریاردانی بپارێزێت، ناو تەلاری ریکخراوەیەکی دیموکراتیزە بکات، ئازادییە فەردی و مەدەنیەکان و ئارامی فەراهەم بکات، هەموو کەسێک لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بێت، دەستی حزب لەناو دامەزراوەکان ببرێت، دین لە سیاسەت و خوێندن و پەروەردە جیابکاتەوە، یەکسانی ژن و پیاو بە فەرمی بناسێت، دەستی کۆنەپەرستی رەوتە ئیسلامیەکان کورتبکاتەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، خزمەتگوازرییە کۆمەڵایەتیەکان زامن بکات، بەکردەوە پابەندی بنەماکانی سۆشیال دیموکراتی بێت... بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە کەس دەستی یەکێتی نەگرتووە. ئەوە جەنگی راستەقینەیە و بردنەوە لە پارتی و هەرهێزیکی تر بەو پڕۆژانە دەبێت... ئایا یەکێتی ئامادەیە ئەم جەنگە بکات... ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت، یەکێتی نائامادەیە و ئەمەش رەوتی داکشانی یەکێتی زۆرتر دەکات.

دیارە خەڵکی کوردستان لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیدا، باش دەزانن کێشەو ململانیان، تا دەگاتە دەست لەناو دەست یەک بوون و تەبا بوونیان، لەسەر ماف و ویست و داخوازییەکانی ئەوان و زامنکردنی ژیانێکی باشتر نییە، بۆیە هەردوو لایان لە لایەن جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستانەوە، نەفرەت لێکراون و خەڵکی کوردستان خوازیاری کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە و هاوبەشەکانیان و هاوشێوەکانیانن.

**کۆتایی نوفەمبەری ٢٠٢٢**

## درێژەی...چۆن دوانەی ژن و توندوتیژی لەیەکتر دابڕێنین

ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەدا ژنانێک هەن کە خاوەن هەست و جەوهەرێکی وڵاتپارێزی بەهێزن، جاروبار ژمارەیەک لە پلاتفۆرم و دەستپێشخەری سازدەکرێت، ژنان لەدەوری کۆدەبنەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە ڕێنماییەکی ستراتیژی، ئایدۆلۆژی و پلانسازی کورتمەودا، ناوین و درێژمەودا پێ و نییە. ژنان تا ئێستا چاوەڕێی یەکتر پارتە سیاسیەکان لەژێر هەژمونی زهنیەتی پیاوسالاری دار ڕێیان پێبدەن هەنگاو بنێن، بەڵام ئەوە لە مەحاڵەوە نزیکە. زهنیەتی پیاوسالاری کاتێ بزانێ لە خزمەتی ئەودا ڕێ بە جموجوڵی ژنان دەدەن. ئەگەر نا دەتوانن بەشێوەی جیاواز و بیانوی جیاوازەوە ڕێگریان لێبکەن.

بۆ ئەوەش لە ڕووی زهنیەوە پێویست بە پێهەڵگرتن و گۆڕانکاری هەیە، نەبوونی خوێندنەوەیەکی نوێ و ڕاست لە سەر مێژوو، پرسی ڕەگەزی، داگیرکاری، پارتی سیاسی، بزوتنەوەی ئازادی ژن، گرنگی تێکۆشانی ئایدۆلۆژی وەک

ئەدۆرنۆ دەڵێ؛ ژیانی چەوت ڕاست ناژێنرێت. لە ڕاستی دا وەک ئەوەی ئەدۆرنۆ ئەو قسەیەی بۆ دۆخی ئێستای باشوری کوردستان گوتووە. زەمینەی شۆڕشی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی ژن بەهۆی بۆشایی ئایدۆلۆژی و هزرییەوە زۆر لە بارتر و گونجاوترە. ئەوەی پێویستە پێشەنگایەتیەکی ڕاست بۆ ئەو ماتەوزەییەی لە ژن دا هەیە، ئەگەر ژنێک جەسارەتی ئەوەی هەیە ماتەوزەی لە ئاراستەیەکی خۆویرانکردن و لەناوبردن دا بە خۆسوتاندن نیشان بدات و کاردانەوە لە بەرامبەر نەبوونی کەشێکی دیموکراتیانە بۆ خۆدەربڕین بخاتەڕوو ئەوە بە ئاراستەکردنی ئەو دەتوانێ ماتەوزەیەی بەرەو تێکۆشان، خۆرێکخستن کردن و چالاکی و پێشەنگایەتی راست بۆ کۆمەڵگە دەتوانێ لە واتای ڕاستەقینەی ئازادی دا، سەرەتا بە هەنگاوی خودناسی، خودوشیاری و خۆرێکخستن دا، دەتوانێ نەک وەک قوربانیەک هەمیشە لە ڕۆژەڤ دا بێ، بەڵکو وەک پێشەنگ، بونیادنەرێک ڕۆڵ ببینێ. لەهەمان کات دا ژنان لە ناو ڕێکخروەکان دا بن یان لە پارتە سیاسیەکان دا دەکرێ خاڵی هاوبەش و ڕۆژەڤی هاوبەشیان هەبێ و خۆیان لەو پێگەیە دەرخەن کە پیاو بەکاریان بهێنێ وەک پێپلیکانەیەک بۆ دەسەڵاتداریتی خۆیان، بەڵکو وزەیان خۆیان لە ئاست ڕێکخستنی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی کۆمەڵگە بخەنەگەڕ.

خۆرێکخستنکردنی ژن دەکرێ سنوری ئەتنیکی تێپەڕێنێ و خۆبگەیەنێتە ژنانی عەرەب، تورکمان، ئاشوری و پێکهاتەکانی تر بۆ ئەوەش لە پێکهاتەی ڕێکخراو زیاتر پێویست بە سەرپێشخستنی بزوتنەوەیەکی ژن هەیە، تیۆری و ڕێکخستن و تێکۆشان و پلانی چالاکیی تایبەت بە خۆی هەبێ، پێویستی بە میکانیزمایەکی خۆپاراستن هەیە، دەکرێ ئەو میکانیزمایە فراوانکردنی دەلاقەکانی خودشیاری بێ لەڕووی زانستی، ئایدۆلۆژی، ڕێکخستنیەوە و کۆتایی بە سایکۆلۆژی چاوەڕوانی بێنن، سەرەتا دەبێ سیستەمی خۆی بونیاد بنێ، خاوەن ئۆرگانی خۆرێکخستنکردن بێ و هەوڵی بۆ گوزارە لە خۆکردن بدات لەو دەرفەت و دەلاقانەی کە ژن دەتوانێ ئیلهامی لێوەرگرێت بۆ خۆپاراستن و خۆرێکخستنکردن. کەم نین ئەو ژنە کوردانەی لە ڕێی خۆپاراستن و پاراستنی بەهاکانی دیموکراسی دا گیانیان بەخشیوە و بەشداری ڕیزەکانی تێکۆشانیان کردووە. ئەزمونەکانیان و چیرۆکی بەرخودانیان لە پێناوی ئازادکردنی تاک و کۆمەڵگەدا بە زیادەوە ڕووناکەرەوەیە بۆ ئێمەش لە پێناوی بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و دیموکراتی دا.

**بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناكاتەوە، كە پێشتر لەشوێن و كەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە...**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ناسک مەحمود، سالار حەمەسەعید، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، عامر سابیر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، سروش هەڵەبجەیی، ئاراس رەشید،دلێر محەمەد نوری، حەکیم میرزا،جەمال نوری، نەجیبە قەرەداغی...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...**

## مەلاکانی کوردستان: سەیرکردنی یاری تۆپی پێ حەرامە...

## بۆپێشەوە: دەبێ ئیسلامیەکان و مەلاکان لغاوبکرێن!!




ژمارەیەکی زۆر لە مەلاو ئیسلامی و سەلەفیەکانی کوردستان، لەبەرامبەر یارییەکانی مۆندیالدا، کە بە ملیاردەها ئینسان لەسەر گۆی زەویدا، بەگەورەو بچوکەوە، بەژن و پیاوەوە، سنوربر و سەراسەرییەوە، سەیری یارییەکان دەکەن و وەکو بەشێک لەسەر گەرمی خۆیان کاتی بۆ تەرخان دەکەن، ئەو ریزە لە مەلاو ئیسلامی هاواریان لێ هەڵساوە دەڵێن... سەیرکردنی وەرزش حەرامە! دەڵێن سەیرکردنی یاری یانی بەیعەت دان بەدوژمنی خوای گەورەو حەرامە! دەڵێن سەیرکردنی یاری تۆپی پێ واتە سەیرکردنی شەیتان و حەرامە! دەڵێن گەورەترین تاوان سەیرکردنی یاری تۆپی پێیە و حەرامە!.

سەلەفیەکان و ئیسلامی و مەلاکانیان، هیچ گۆشەو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک نەماوە دەستێوەردانی تیدا نەکەن و فتوای پاکەتی بۆ ئامادە نەکەن. شمشێری حەڵاڵ و حەرامیان، بەدەستەوەیە و هەمیشە رای دەوەشێنن. ئەوە جێگای ڕامانە ئەوەیە هەر ئەو ریزە لە بلۆکی هەرە دواکەتوو شەرمەزاری کۆمەڵگە و پشتیوانەکانیان... پیادەکردنی هەموو مافێکی سەربەخۆ و ئازاد و بریاری تاک، دەخەنە ژێر شمشیر و فتوای حەڵاڵ و حەرامەوە. کەچی زەواجی مناڵی کچی ٩ ساڵ بە حەڵاڵ دەزانن... لێدان لە ژن و تەمبی کردنی بە حەڵاڵ و ڕێپیدراو دەزانن... چوار ژنە بۆ پیاو بە حەڵاڵ دەزانن... فەحشای فەرمی سونی و شیعی، زەواجی میسار و موتعە بە حەڵاڵ دەزانن... فرۆشتنی ژنی ناموسوڵمانی دیل لە بازاری معامەلەدا بە حەڵاڵ دەزانن... ڕێکخراوەی ئینسان کوژی وەکو داعش بە حەڵاڵ و رەوا بۆ کۆمەڵگە دەزانن... هەژاری و بێبەشی و نەبوونی بۆ زوربەی کۆمەڵگە بەحەڵاڵ دەزانن و دەڵێن ئەوە بەشی خودایەو ئەو رسق دەدات و دابەشی دەکات... بێدەنگەکردنی خەڵک و بۆ قبوڵکردنی زوڵم و ستەم بە حەڵاڵ دەزانن و دەڵێن" لان شکرتم لازدنکم"...

ئەم بەڵاو فایرۆسانەی کۆمەڵگە کە دەسەڵاتی سیاسی وەکو چاوی خۆیان بەرگریان لیدەکات، چونکە بەرگری لەدەسەڵات و ستەمەکانیان بەرەواو حەڵاڵ دەزانن، هێندە پێیان لێ درێژکردووە، هێندە ئاستی دەستێوەردانەکانیان لە کۆمەڵگەدا پەرەپێداوە، کە دەبێ لغاو بکرێن.

خولیا بۆ کردنی هەر یاری و وەرزشیک و سەیرکردنی یارییەکان، هەر یاری و وەرزشێک، مافێکی زۆر سادەو ساکار و سەرەتایی هەر ئینسانێکە. کەسانێک کە بەهەر پاساویک دەیانەوێت ئەو مافە لە خەڵک و تاکەکانی زەوت بکەن و بەسەر حەڵاڵ و حەرامدا دابەشی بکەن... نامۆن بە ئینسان و هەموو مافە ئینسانیەکان و ڤیرژنێکی نوێی بوونەوەری نامۆن، کە دەبێت بخرێنە قاڵبی ئەو ڤێرژنەی بۆ ئەوان گونجاوە. دەبێ لە کۆمەڵگەدا دەستیان کۆتا بکرێت و تەنانەت بەهۆی سوکایەتی و ئیهانەو بێرێزی کردن بخرێنە قەفەزی زیندانەوە.

هێرش و سوکایەتی و بەتاوانی عوزما دانانی سەیرکردنی یارییەکان و وەرزش، هێرش و سوکایەتیەکی ئاشکرایە بۆسەر ملیاردەها ئینسانی موسوڵمان و مەسیحی و یەهودی و پرۆستانت و کاسۆلیک و بێدین و دیندار و هەموو نەتەوەکانی دنیاو رەنگەکانیان....


لەم دۆخەدا کە دەسەڵاتی سەرمایە لە ئیراندا کە بەدەستی ئاخوندەکان و ئیسلامی سیاسیەوەیە، کەوتۆتە لەرزەو لەسەر لێواری قەبرە، ئەم ریزە لە فایرۆسەکانی کۆمەڵگەش لە یەکەم رۆژەکانی سەرکەوتنی راپەرینی خەڵکی ئیراندا، دەبنە مێژوو و کەنار دەخرێن، بەڵام نابێت تا ئەوکاتە لەبەرامبەر بە هیرش و سوکایەتیەکانیان بێدەنگە بکرێت، دەبێ هەوسار پچراویان بەری پێ بگیرێت و لغاو بکرێن و رووبەڕووی دادگایی بکرێنەوە، ئەمەش کاری بزوتنەوەی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگەو هەموو ئەو ئینسانانەیە کە بەدوای ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆدا وێڵن و بۆی تیدەکۆشن.

## دوا وتە

کۆبونەوەی دوکان و هەوڵەکانی یەکێتی، هەوڵێکی پشگیرانەی بەپارتی؟

نووسینی: عەبدوڵا

یەکێتی و پارتی چەندە لەسەر بنەمای درێژەدان بەدەسەڵات و پاوانی زۆنەکانیان تەباو یەک دەنگن، هێندەش لەسەر هەژموونی و زۆرکردنی پێگەیان لەگەڵ یەکتری لە کێشمەکێش و ململانییەکی بێکۆتادان. ململانێی پارتی و یەکێتی بارگرژی نێوانیان و هەڵکشان و داکشانی ئەو گرژیانە، بۆتە تایبەتمەندیەکی جێگیریان لە هەرێمی کوردستاندا. دیارە لەهەر برگەو دەورەیەکدا کێشمەکیش و بارگرژییەکانیان، مۆری ئەو برگەو دەورەیەی پێوەیەو لەژێر کاریگەری روداوە گەورەترەکان و دەرەکیەکاندا، زۆرتر توشی ئەزمەو کاردانەوە دەبن و ئاستی گرژییەکانیان هەڵدەکشێت.



گرژییەکانی ئەم دوایەی پارتی و یەکێتی کە لەڕێگای دۆسیەی ترەوە، وروژێنراون لەوانە دۆسیەی هاوکار جاف، پەراوێزخستنی زۆنی سەوز!!، تاکڕەوی پارتی!!... تەنها رووکەشن و کێشەی سەرەکیان وەکو هەمیشە لەسەر دەسەڵاتە و لە رێگای دەسەڵاتیشەوە دەستگیر بوونە لە داهات و سامانی خەڵکی کوردستان. بەڵام دەسەڵات و گۆرانی هاوسەنگی هێز هەموو رۆژە رونادات، بەڵکو گرێی خواردەووە بە ڕوداوە گەورەکان و ئاڵوگۆرە بەرجەستەکانەوە، نەک روداوە کاتی و ڕاگوزەر و رۆژانەو دوبارەبووەکان...

پارتی لە ٣١ ئاب بەدواوە کە لەرێگای پشتیوانی بەعسی گۆر بەگۆرەوە، شاری هەولێری کەوتەوە دەست باڵانسی هێزی بە سودی خۆی گۆڕی و لەو کاتە بەدواوە پارتی توانی هەژموونی سیاسی خۆی بە ئەندازەی قەڵەمرەی جغرافیای خۆی، زیاد بکات، بەڵام ئەوەی ڕێگری لەوە کرد پارتی بەو قەبارەیەوە، مامەڵەی بەکردەوە لەگەڵ یەکێتی بکات، ڕیکەوتنامەی واشنتۆن و لەوەش زۆتر و بنەرەتی تر ڕێکەوتنی ستراتیجی بوو، کە یەکێتی هاوشانی پارتی، بەوهۆیەوە زۆنێکی بەدەستەوەیە، توانی ئەو باڵانسە نیوە بە نیوە لەگەڵ پارتی بهێڵیتەوە، پارتیش بە مەبەستی جێگیرکردنی پێگەی خۆی و دوبارە ئارایشدانەوەی توانایەکانی لەبەرامبەر یەکێتی نەرمی نواند و خودی جەلال تاڵەبانیش بە نەرمی نواندی لەبەرامبەر هێشتنەوەی پێگەی یەکێتی بە بارتەقای نیوە بەنیوە، سەری رەزامەندی دانەواند. لەو کاتەوە تا روداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری دوای ریفراندۆم ئەم باڵانسە تارادەیەکی زۆر وەکو خۆی مایەوە. ١٦ ئۆکتۆبەر برگەیەکی تایبەت

بۆ لاپەڕە 14

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

